
# جیهانی منالان

گۆڤارێکی ئەدەبی و هونەریە دەربارەی لاوان و بەساڵاچوان

ژمارە 25





## ساتێک بۆ یادکردنەوەی ڕۆمانی سارا و میرزا عەلی کیتابی

***Barnens värld är en tidskrift***

***Om barnens livsvillkor världen över***

ژیانەوەو نوێژەنکردنەوەی
گۆڤاری جیهانی منالان

ئەم ژمارەیە تەرخان دەکەین بۆ سارا و نووسەری سارا
لەم ژمارەیەدا ڕاو بۆچوونی چەندەها هاوڕێ ودۆستی میرزا عەلی دەخرێتە ڕوو و تاوتوێی لەسەر دەکرێ
بەڵام پێش ئەوان حەزم کرد دوا بۆچوونی میرزا عەلی خۆی بڵاوکەمەوە کە ڕۆژی ١٣ سێپتەمبەر بەدەستی خۆی نووسی و منیش لەم ژمارەیەدا بڵاوی دەکەمەوە



نە زیدووم و نەمردووم، چارداخی جەستەم هەرەسی هێناوە، بەڵام چونکو کۆشکی کردەوەو زیکرو فیکرم لەسەر شۆرەیەکی پۆڵایین دارێژراوە. هەربۆیە ئامانج و پەیمانی هاوبەشمان پارێزراوە

# پێرەمێرد و زەریا
# پەیڤێک بۆ علی کیتابی



رەنگە زۆربەمان ئاشنای کاراکتەری بە ناوبانگی(پێرەمێردو زەریا) بین، لە شاکارە ڕۆمانی نووسەری ئەمریکی ئێرنست هەمەنگوای دا، لەم ڕۆمانەدا ئێمە ئاشنا دەبین بە پیرەمێردێک کە ململانێ لە گەڵ شەپۆل و زەریاو نەهەنگە گەورەکاندا دەکات و سەرەنجام بە سەر هەموویاندا سەردەکەوێت و نەهەنگێکی گەورە ڕاو دەکات و بەلەمە بچوکەکەی لە گەڵ نەهەنگەکەدا دەگەیەنێتە کەناری ئارامی، من دوای ئەوەی لە کۆتایی هەشتاکاندا و لە سەردەمی دیکتاتۆریەتی بەعسدا، میرزا علی کیتابیم ناسی، ڕێک وام زانی بە کاراکتەری پیرەمێردی ئێرنست هەمەنگوای ئاشنا بووم، میرزا علی هەروەک پێرەمێردەکەی ئێرنست هەمەنگوای لە زەریای ئەم ژیانەدا ڕووبەرووی نەهەنگەکانی کۆنەپەرستی و سەرکوت و نەهامەتی و برسێتی و تەنیایی و پیری و نەخۆشی بووەتەوەو بە سەر هەر هەمووشیانا زاڵ بووەو سەرکەوتووە، زۆر هێمنانەش کەشتی ژیانی گەیاندووەتە کەناری ئارامی ، من لەم پیاوەوە ئارامی و هێمنی فێر بووم و هیوادارم هەر لەویشەوە هونەری بەخشین فێر بم، چونکە میرزا علی بە مووچە کەمەکەی خانەنشینی، دایەنگاو باخچەی منداڵانی بۆ منداڵی خێزانە کەم دەرامەتەکانی کوردوستان کردەوەو لە م دواییانەشدا لە هەڵوێستێکی کەم وێنەو دەگمەندا (دەگمەن لە کۆمەڵگای کوردەواریدا) بڕیاری دا لە پاش تەواوی ئەندامەکانی لەشی خۆی ببەخشیت بۆ ئەوانەی پێویستییان پێیەتی ................تۆ لە چاوی مندا زۆر گەورەیت مامۆستا علی کیتابی!!

گۆران علی

سوید



## ميرزا عەلی

# گەنجینەیەکی زمانەوانی و مرۆیی دەوڵەمەند

ناسینی ئەو مرۆڤە لای من دەگەڕێتەوە بۆ پتر بیست ساڵ لەمەوبەر، کاتێک کەوتینە باسی ژەهربارانکردنی شاری هەڵەبجە و شەهیدبوونی پێشمەرگەکانی کۆمەڵە بەدەست سوپاسی پاسداران. ئەو کاتە هاوڕێ عەلی سەرگەرمی نووسینی (ڕۆمانی سورسورەی مەرگ) و پرۆژەی کردنەوەی باخچەیەکی منداڵان بوو. ئەو نووسەرە بەرزە، توانی بە ئاواتەکی بگا و ڕۆمانەکەی کە چوار بەرگ بەسەرکەوتووی تەواو بکا.

دوا ئاواتی وەدیهێنانی دروستکردنی باخچەیەکی وێنای ئەوانەی سوێد، لەسەر پایەی دیموکراتی، لە باشووری کوردستان لەسەر ئەرکی خۆی دروست بکا. سەرەتا لە گەڕەکێکی سلێمانی، باخچەیەکی چکۆلانە بە سەرپەرشتی نووسەر ڕەوف حەسەن دامەزراندا. ئاوگوست ستریندبێری، گەورە نووسەری وێژەی سوێدی دەڵێ: {گەر بتەوێ بەسەر مەحاڵدا زاڵبی، دەبێ هەوڵی بەزاندنی بدەی}.

هاوڕێ میرزا عەلی ئەو مەحاڵەی لە لوتکەدا دروستکرد. باخچەیەکی نموونەیی لە گوندی زرگوێزی باشووری سلێمانی بۆ گوندەکە بەتوانەیەکی زۆر کەم دامەزراند کە دەگمەن بوو. باخچەیەک کە زارۆکان تێیدا وانەی دیموکراتی و مرۆڤدۆستی فێرببن، ئەوەش وەک ئاماژەم پێدا، سەرباری بەرتەسکی توانای ئابوری، سەرباری ئەوەی کە ئەوە ئەرکی دامەزراوە شارەستانیەکانی هەرێمی کوردستانە کە ئەو شێوە خزمەتگوزاریانە دامەزرێنن.

هاوڕێ عەلی، گەیشتە دۆندی مەحاڵێکی دی، مەحاڵێکی دی بەزاند، مەحاڵی دامەزراندنی باخچەیەکی دی، چێتر و بەسەلیقەتر ئەوەش لە سەرگەڵوی دەڤەری شارباژێر بۆ ئەوەی بۆ بەرپرسە گەندەڵەکانی هەرێمی بسەلمێنی، کەئەگەر ئەوان بواری خەڵکی دڵسۆز بدەن، دەکرێ کۆمەڵگە لە بنچینەوە پایەی مرۆدۆستی لە سەر زەمینەی پەروەردەی ڕاست بۆ دامەزرێ. هاوڕێ عەلی هەر بەوەش دڵەگەورەکەی وچانی نەگرت، بەڵکو بۆ برەودان بە وشەی دیموکراتی و مرۆڤدۆستی، دوور لە جیاوازگەری ڕەنگ و ئاین و ناوچە و نەتەوە، توانی سەرپەرشتی گۆڤارێک تایبەت بە شرۆڤەی دۆخی و باری منداڵان، بکا و دەها بابەتی زانستی و شرۆڤە لە کەسانی شارەزا پێشکەش، وەک پاڵپشتی و هانایەک بۆ هەردوو باخچەکەی بخاتە گەڕ. هەرچەندە ئەمڕۆ ئەو مرۆڤە بە ئەمەکەی منداڵان و ئاشتیپەروەرە، کەمتوانا بووگە، بەڵام هەنووز هۆشی لای منداڵان و پرۆسەی پێشەوە چوونایەنە، شەونخونی بۆ دەرچوونی ژمارەکانی گۆڤاری جیهانی منداڵان دەکا. ژیانێکی ئاسودە و بەختەوەر بۆ تۆ،ئەی هاوڕێی دێرینی من و دۆستی زارۆکان!ئەو کەسەی لە لوتکەی کێوی مەحاڵیت و مەحالت کردوەتە دەشتێکی سارای بەختەوەری!

هاوڕێ و هاوبیرت

ئاسۆ بیارەیی ٩ی سێپتەمبەر ٢٠١٧



به سه ربه ستی، له سه ر لوتکه ی بڵندی عومرم، وەستاوم
شریتی میژوی ژیانم، وه ک رۆژ، روونه له به ر چاوم.

لەشکری پیری، چوارده وری گرتووم
با چاک بزانن، هیشتا نه مردووم.

وره م به رزه، مه حکه م وەستاوم
شاکاره کانم، دێنمه پێش چاوم.

رومانی سارا و سورسوره ی مه رگم
شایه تی ئه ده ن، من چه ن به جه رگم.

باغچه ی ساوایان و کتیبخانه کانم
له گوندی زرگوێز و سەرگه لوی جوانم.

گۆڤاری جیهانی منداڵان، شایەت حاڵمن
وه ک جووتیی عه سا(گۆچان) له بن باڵمن.

عه لی کیتابی / هه وه لی مانگی ئوکتوبر 2015

.......................................

هیوای ساغی و سلامەتیم هه یه بو کاک عه لی کیتابی ( میرزا عه لی ) دۆستی دێرینه و هاوخەباتی ناو ریزه کانی کۆمه ڵه.

میژوی هاوکاری و دۆستایه تی من و کاک عه لی، ده گه ریته وه بۆ زیاتر له 30 ساڵ له مه و پیش. زۆر هه ڵسوکەوت و بیره وه ریمان لەگەڵ یه ک هه یه. ئه م خۆشەویسته میژویکی پر له ئه زمونی بووه. له ژیانی ساڵانی پێش راپەرین، له گه ڵ تێکۆشانی به نرخی، له هەڵەو که م وکوری به دوور نه بووه که خۆی له کتێبی سورسوره ی مه رگ له چه ن به شدا چاوی به ژیانی خۆی خشاندوه ته وه.
خه باتی سیاسی کاک عه لی تێکەڵاوه له گەڵ، به شێک له میژوی خه باتی خەڵکی کوردستان. بەڵام خه بات به ئاسۆی کرێکاریه وه ده گەرێته وه بۆئه و کاته که له گه ڵ کاک فواد موسته فا سولتانی پێش راپه رین له زیندانی سنه ئاشنا بووه.

یه کێک له کادره هه لسوراوه کانی کومه له ی یه کسانی بوو و دواتر له ناو ریزی کومه له سه ره رای ته مه نی باڵا، شان به شانی ئێمه هه لسو که وتی کرد. ئێستا له شوێنی به ته مه نه کاندایه له شاری یوتوبوری(گوتونبورگ) سوئد. ئه م خوشه ویسته ژیانی خۆی به دوای هاتن بۆ سوئد، ته رخان کرد بۆ نوسین و دابین کردنی کتێب خانه و شوێنی په روه رده ی منداڵان و شتی له م بابه ته له مه ڵبه ندی سوله یمانی. کاک عه لی به دڵی ئاواڵاوه به ره و پیری بیرو و باوه ری پیشکه وتو خوازانه ده رویشت، و له هیندێک بابه ت رچه شکین بوو. له وانه یه کیک له و تیکوشه رانه بوو که به ر هه له ستی هه ر چه شتنه ئیعدامیک بوو و نامیلکه یکی له م بابه ته وه نوسی.
دیاره له کتێبه کانی که م و کوری ده بینریت، به لام بۆ من ته نیا سه ر چاوه و به ڵگه یکه، که بۆ میژوی دیوانده ره که لەبەر ده ست دایه. زوو زوو پیوه ندی ته لفونمان هه یه و ئه مشه و ئه م شیعره جوانه ی بۆم خوێنده وه و منیش، لێره لەبەردەستی ئێوەی خوێنه رانی خوشه ویستی دا ده نیم.

به هیوام که ساغ و سلامت بیت و بتوانین شیعر و نوسرواه، ئه گه ر بتوانیت، لانی که م، له بیره وه ریه کانی که لکی زورتر وه ر بگرین.

## ئیبرایم روستەمی 5 ئوکتوبری 2015

# شـــــێوازی
# پـــــەروەردە

وەرگێڕانی لە سویدیەوە: شەهاب مەمی

پێداچوونەوە: عەلی کیتابی

ئەم نامیلکەیە دەربارەی شێوازی پەروەردەی باغچەی ساوایانی منداڵانە کە لەلایەن پسپۆر و دەروونناسانی وڵاتی سوێدەوە توێژینەوەی لەسەرکراوە و پەسەندکراوە و ئێستا لە باغچەی ساوایانی ئەو وڵاتە دا بەرەسمی پەیرەو دەکرێت.

## ١= بنەما سەرەتاییەکان و شێواز لە پەروەردەکرندا

### گرینگی و بەها سەرەتاییەکان

باغچەی ساوایان لەسەر بنەمای دیموکراتی دامەزراوە، بۆیە دەبێ چالاکییەکانی ئەم یانەیە بەگوێرەی بنەما سەرەتاییەکانی



دیموکراتی شێوازەبگرێت. کارمەندانی باغچەی ساوایان دەبێ تێبکۆشن بۆ هاندانی منداڵان بۆ زانینی ڕێزگرتن و بەهای ژینگە و کەسایەتی یەکتری.

ئەرکێکی زۆر گرینگ لەم چالاکیانەدا چەسپاندن و سەقامگیرکردنی ئەو بەهایانەیە کە کۆمەڵگە پێشکەوتووەکان پێڕەوی دەکەن. خۆ تێهەڵنەقوران لە ژیانی یەکتریدا، ئازادی تاکە کەس و لەگەڵ یەك گونجان، هاوسەنگی بەهای گشتی مرۆڤەکان، یەکسانی لەنێوان نێر ومێ، هەروەها سۆلیداریتێ واتە فریاڕەسی پیر و پەکەوتوان و چەوساوان، ئەمانە بەردی بناغەی بە زیندوویی ڕاگرتنی کارکردنن لەگەڵ منالاًندا. هاوسەنگی و یەکسانی، سۆز و خۆشەویستی و ڕێز گرتن لە یەکتری، پێزانین بە مافی یەکسانی خۆ و بەرانبەر، پەیڕەو کردنیان لە چالاکییەکانیاندا بە ڕوونی ڕەنگ بدەنەوە، لە بەر ئەوەی منالْ بە پراتیکەوە فێری ئاکاری جوان دەبێت، ڕوانگەو بۆچوونی گەورەساڵان گاریگەری خۆی لەسەر تێگەیشتنی منالاًن تۆمار دەکات، هەروەها لەسەر ئەوماف و ئەرکانەی کە لە کۆمەڵگایەکی پیشکەوتوودا جێکەوتووە، لێرەدایە کارایی گەورەساڵان ڕەنگ ئەداتەوە.

جا دەبێ لێرەدا بەهاو گرینگی تاکەکەس سەقامگیر بکرێت، ئەمکارانەش پێویستە لە شێوازەی دێموکراتیەوە سەرچاوە بگرێت. لێرەدایە گرنگدان بە بنەما سەرەکییەکانی دیموکراتی کە گەشە بە هەستی بەرپرسیاری و بەدەربەستی لەناخی منالْدا سەقامگیر دەکات بۆ بەشداربوون لە چالاکیەکانی ژیانی کۆمەڵگا.

### سۆلیداریتێ و لێک گەیشتن

باغچەی ساوایان دەبێ کار بکات بۆ گەشەپێدانی بەهرە نادیارەکانی ناخی منالْ بۆ فێربوونی هەڵس وکەوتی کۆمەلاًیەتی، هەستکردن بە بەرپرسیاری تاکو، سۆلیداریتێ و لێبوردن لەناخی منالْدا چەکەرەبکات. هەروەها دەبێ هان بدرێ بۆ بەهێز کردنی هەستکردن بە خۆشی و ناخۆشی دەوروبەریان. ئەم چالاکیانە بە مەبەستی دڵسۆزی بەدەربەستبوونی کەسانی دەورووبەر دەبێ لە ئاکاری چاودێریکردنی تاکە کەس دا ڕەنگ بداتەوە. خواستەکانی منالْ بە شێوازگەلی جیاواز خۆی بنوێنێ بۆ گۆڕینی بیر و بۆچوون دەربارەی پرسیارە گرینگەکانی ناخ و ژیانی ئەوانی تردا.

(دیاردەی فرە ڕەگەزی و فرە کولتووی لە وڵاتی سوید دا کاردانەوەی لەسەر باغچەی ساوایان هەیە، ئەوەش خۆی لە خۆیدا ڕێخۆشدەکات بۆ کارکردن لەسەر ئەوەی کەمنالْ سۆز و ڕێزێکی تایبەتی تیادا دروست بێت بۆ سۆلیداریتێو پێکەوە ژیانی ڕەنگ و ڕەگەز و کولتوری جیاوان)).

## راستییەکان و فرە لایەنەکان

باغچەی ساوایان پێویستە کراوەبێ بۆ بۆچوونی جیاواز، کاریش بکرێت بۆ گەیاندنی ئەو بۆچوونانە. ڕێگە بەهەموو منالێك بدرێ بۆچوونەکانی خۆی دروست بکات و هەڵیبژێرێ. بەشداربوون و باوەڕکردن بە بەهرەکانی خۆی بەو شێوەیە سەقامگیر بکرێت و پەرە بستێنێ. باوکان و دایکان لەسەر هەمان باوەڕو ڕوانگە منداڵەکانیان بە باغچەی ساوایان بسپێرن، لەهەمانکاتدا باوك و دایکانیش دەبێ وریابن کەمناڵەکانیان دووچاری کاردانەوەی یەك لایەنە نەبن بەقازانجی تەنیا بۆچوون یان لایەنێك. هەموو ئەوانەی کە لەباغچەی ساوایاندا کاردەکەن کاربۆ ئەو بنەما بەهادارانە بکەن کە لەم بەرنامەدا ئاماژەی پێ کراوەو بە ئاشکرایی نکۆڵی لەو بابەتانە بکەن کە لەگەڵ ئەم توێژینەوە بەهادارانەدا ناتەبان.

شێوەی ڕووبەڕووبوونەوەی گەورەسالان لەگەڵ مندالانی نێرو مێدا هەروەها ئەو داواکاری و چاوەڕوانیەی کە لێیان دەکرێ، وادەکات کە بڕواو نیازی کوڕو کچ شێوازە بگرێت و پرسیارێك دەخوڵقێنێ کە ئایا دیاردەی نێرینە و مێیینە چیە؟

(لە زمانی زانستی کۆمەلایەتیدا ئاماژە بۆ بابەتێك دەکرێت بەناوی CONSTRUCTION کەواتە (دروستکراو). ئەم مەفهوومە لەسەرەتای گەشەپێدانی ئەم زانستەدا وەکوو وتراوەیەك ئاماژەی بۆ ئەکرا بەلام لێکۆڵینەوەی قووڵی لەسەر نەکرابوو، لەساڵەکانی ٦٠-٧٠ کاندا فیمینیزم سەری هەڵدا و کردیە بابەتێکی لێکۆڵنەوە دەربارەی مەفهوومی مێیینە و نێرینە. فێمینیستەکان ئەم هەلەیان قۆستەوەو بانگەشەیان بۆ ئەوە کرد کە دیاردەو مەفهوومی نێرینەومێیینە مەفهوومێکی دروستکراو و داتاشراوی کۆمەڵگایە). وەرگێر

لێرەدا دەبێ باغچەی ساوایان کاربکات بۆنەهیشتنی کەند و کۆسپ لە ڕێگای گەشەکردنی بەهرە و توانای ناخ و جەستەی کچان و کوڕان. باغچەی ساوایان دەبێ لە هەموو حاڵەتێکدا کاربکات بۆ گەیشتن بەو ئامانجانەی تا ئێسا ئاماژەیان پێکراوە لە چوارچێوەی فێرکردن و بارهێنان. کاری باغچەی ساوایان دەبێ لەم خالانەی خوارەوەدا ڕەنگ بداتەوە کە هەر تاکەمناڵێك هەست بە بارو دۆخێکی چاك و ئاسایش بکات، بەباشی فێر بێت و پێشکەوێت. هەروەها ڕێزگرتن لە جیاوازی خواست و نیازی هەر تاکە مناڵێك. ئەمەش ئەوە ئەگەیەنی کە شێوازەی چالاکییەکان لە گشت باغچەی ساوایاندا وەك یەك نابن، هەربۆیە دەبێدارایی باغچەی ساوایان لەگشت شوێنێك دا وەك یەیك دابەش نەکرێت.

## ئەرکەکانی بەڕێوەبەرانی باغچەی ساوایان

باغچەی ساوایان دەبێ بەردی بناغەی فێربوونێکی درێژخایەن لە ژیانی منالاندا دامەزرێنێ، چالاکییەکان دەبێ دڵخۆشکەربن و لەبواری ئاسایش و زانستی نوێدا دەوڵەمەندبن. هەروەها دەبێ چاودێری، پەروەردە، فێربوون، هەموو ئەمانە لەناو چوارچێوەی چالاکی فێربوونی زانستی نوێدا ڕەنگ بدەنەوە. هاوکاری تەنگاوتەنگی مامۆستاو پەروەردەکاران، باوکان و دایکانی مندالان هاندانێکە بۆ پەرەپێدانی هەستکردن بە بەرپرسیاری لەو کارەی کە پێی هەڵدەستن و ڕۆڵی منالان لە کۆمولگادا. باغچەی ساوایان دەبی کاریگەریەکی باشی هەبێ لەسەر کەس و کاری منالان لە بواری پەروەردەکردن، پێشکەوتن و گەشەپێداندا. لێردا هاوکاری نێوان ئەم دو تەوەرە گرینگە لە ژیانی منالدا، ڕێخۆشکەرە کە هەر تاکە منالێك بەگوێرەی بارو دۆخی گونجاو هەلی بۆ بڕەخسێنن. شێوازی فێرکردن ئەبێ بە گوێرەی بەهرە و توانای تاکە تاکەی منالان ئەنجام بدرێت. جا ئەگەر منالێك پێویستی بە یارمەتی تایبەت هەبوو تا لە هاوڕێیانی جێنەمێنێت دەبێ یارمەتیکوتوپڕ و تایبەتی بدرێت کە شێوازەی بگونجێ لەگەل پێویستییەکانی منالەکەدا. توانای ماموستایان زۆر گرینگە بۆ دەرك و لێکدانەوەی کەم و کووڕییەکانی مندالان، هەروەها لەگەڵ باوەڕی دایك و باوکاندا یەك بگرنەوە کە مانەوەی منالەکانیان لەم شوێنەدا جێی متمانەن. هەرکەسێك لەو منالانە دەبێ هەست بەوە بکات کە شتەکانی بە چاکی پێدەوترێتەوە ئەمەش وادەکات کۆسپەکان لەسەر ڕێگەی لادەچێ و دەتوانێ بەرەو پێشەوە هەنگاو بنێت هەروەها هەست بە گرینگی و قورسای کەسایەتی خۆی بکات لە ڕیزی هاوڕێیانیدا.

دەبێ بەڕێوەبەرانی باغچەی ساوایان لەوە تێبگەن کە هەر منالێك لە بارودۆخ و ژینگەیەکی جیاوازدا دەژین، ئەمانە هەموو کاردانەوەی سایکۆلۆژیان لەسەر بۆچوون و ڕوانگەی منالدا دەبێت. هەروەها تاقیکردنەوەی جیاواز لەلای منالْ دروست دەکات کە دەبنە بنەما بۆ دروستبوونی شێوەی بیرکردنەوەی جیاواز. جا گەورە سالان دەبێ یارمەتی منالان بدەن بۆ گەشە پێدانی بڕوا و باوەڕ بەخۆبوون. دەبێ ئەم چەن شتانەی خوارەوە لەبەرچاو بگیرێ (فزوولی) ڕووداری، حەز و خواست و ئارەزوو بۆفێربوون. یەکێك لە ئەرکە گرینگەکانی باغچەی ساوایان دەبێ ڕەچاو گرتنی بەهرەکانی منالْ بێت لەبواری کولتووریدا، بەهای شوێنەوارە کولتووریەکان، داب و نەریت، مێژوو، زمان و زانست کە ببێتە پێگەیەك بۆ گەیاندنیان بە نەوەکانی داهاتوو.

له کۆمەڵگە نێونەتەوەییکاندا کە (سوێدیش یەکێکە لەوان)ە باغچەی ساوایان چەندەها مەرجی جیاوازیان بەسەردا سەپاوە. دیارە ئەوانەش تێکەڵاو بوونی چەن کولتوورێکی فرەڕەگەزیە کەوای کردوە پێویستییەکان و نیازمەندییەکان زۆرتر و دەوڵەمەندتر بن. ئەمانە ڕێ ئاواڵە دەکەن کە منالأن بەئاسانی لە بەشێکی زۆری کولتووره جیاوازەکان تێبگەن. جا لێرەدا بۆمان دەردەکەوێ کە باغچەی ساوایان دەبێتە سەکۆی کۆبوونەوەی کۆمەڵایەتییەکان کە بەهرەکانی منالأن بەهێزتر دەکات و ئامادەیان دەکات بۆ ڕوو بە ڕوو بوونەوەی ئایەندەی کۆمەڵگای نێو دەوڵەتی. وشیار بوونەوەی منالْ دەربارەی کەلەپووری خۆماڵی و بەشدار بوونیان لە کولتووره جیاوازەکان ڕێخۆشکەرە بۆ پەرە پێدان و بەهرەمەند بوونی منالأن تا بتوانن لە فەرهەنگ و کولتووری یەکتری تام و چێژێکی تایبەت بەرن. باغچەی ساوایان دەبێ هاوکاری تایبەتی بە منالأنی نەتەوە کەمایەتییەکان و کۆچبەران بکات، هەروەها ئەو هەلەیان بۆ بڕەخسێنن کە شوناسنامەی کولتووری خۆیانیان پێ بناسێنن تا تێبگەن کە ئەوان دوو کولتوورین.



باغچەی ساوایان دەبێ ڕێخۆشکەربێ بۆ دروستکردنی کەش و هەوایەکی لەبار هەروەها هانی مندالأن بدات بۆ چالاکیە سوودبەخشەکان و ڕابواردن و پشکنین و تاقیکردنەوە. لێرەدا ڕوو بەڕووبوونەوەی پەروەردەکاران بۆ دۆزینەوەی بەهرە و توanaو نیازی هەر منالێك گرینگە، هەروەها خۆ تەرخانکردن بۆ بارهێانی منالْ وەکو تاکەکەس یا گوروپ. توانای منالْ بۆ دروستکردنی پێوەندی، گەڕان بەدوای زانیاری و توانای هاوکاریکردن، پێویستن لە کۆمەڵگای ئیمڕۆدا لەبەرابەر فرەزانیاری و گۆڕانکاریە خێراییەکاندا.

باغچەی ساوایان دەبێ وەك بنکەیەکی فێرکردن بێت بۆ منالْ تابتوانێ بە ئاسانی ئەو زانیاریانە بقۆزێتەوە کەبۆتە سەرچاوەیەکی هاوبەش هەمو کەسێ لە کۆمەڵگەدا پێویستی پێیەتی.

پێویستە ڕێ بەمندالأن بدرێت کە گەشە بە توانای کارکردن بدەن. کارکردن بۆ وەدیهێنانی کەش و هەوایەکی کولتووری و کۆمەڵایەتی ئەرکێکی گرینگی باغچەی ساوایانە بۆ گەشە پێدانی تواناکانی منالْ لە بواری پەیوەندی و هەلس و کەوتی کۆمەڵایەتی‌دا. هەروەها ئیمکاناتی باش بۆ منالْ بڕەخسێنرێ کە وەك تاکەکەس قوولْ بێتەوە لە هەر پرسیار و گیرو گرفتێك کە دێتە سەر ڕێگەی و گەڕان بەدوای چارەسەر کردنی. یاری‌و گەمە بۆ گەشەپێدان و فێربوونی هەرمناڵێك گرینگە. جا لێرەدا کارکردن بۆ هەڵبژاردنی بەئاگاهانەی هەر یاری و گەمەیەك لە چالاکییەکاندا دەبێ ڕەنگ بداتەوە.

شێوازی جۆراوجۆری یاری و بە تامەزرۆییەوە فێربون، ڕێگا خۆشکەرە بۆ پەرەپێدانی فەنتازی، تێکەڵاوبوون و سیمبۆل لە بیرکردنەوەیدا ڕەنگ بداتەوە.

لە ڕێی ئەم یاری و گەمە داهێنەرانەدا منالأن دەتوانن ئیمکاناتێکی باشیان تیادا دروستبێ بۆ دەربڕینی تێگەیشتن لەمەڕ هەست و جۆش و خرۆشی تاقیکردنەوەکانیاندا. هاندانی منالأن بۆ فێربوونی بابەتگەلێکی جۆراوجۆر ڕێخۆشکەرە بۆ ڕەخساندنی هەل و مەرجی گفت وگۆی سوودبەخش لەنێوان پەروەردەکاراندا کە ئایا مەبەست لە زانیاری و فێربوون چییە؟ چونکو زانیاری تاکە مانایەك نابەخشێ، بەڵکو زانیاری بەشێوەی جۆراوجۆر بە منالْ دەگەیەنرێت لەوانە ڕاستییەکان، تێگەیشتن لەوڕاستیانە، دروستبوونیان و بڕوا پێکردنیان، لەهەمانکاتدا ئەمانەش ئاوێتەی یەکترین

چالاکییەکان دەبێ لە تاقیکردنەوەی ژیانی منالأن، حەزەکانیان، خواستەکانیان سەرچاوەبگرن، هەروەها چ شتێك پاڵیان پێوە دەنێ کە بەدوای زانیاریا بگەڕێن.

یاریکردنی سودبەخش، پشکنین و داهێنان لەگەڵ ئەوانی تردا زانیاری بە مندالْ دەبەخشێت. بەگوێرەی بابەتێکی داڕێژراوی شێوازی کارکردن، تواناکانی جۆراو جۆری منالْ پێکەوە پەیوەست دەکات. ئەمجۆرە یاریانەش پێویستە لەسەر بنەمای

دان و وەرگرتن شێوازە بگرێت کە لە نێوان منالآن خۆیان و گەورەسالآندا بەرپادەبێ. منالآن لەگەڵ یەکتردا بەکۆمەڵ ڕۆڵێکی گرینگ و چالاکیان دەبێ بۆ گەشەپێدان و فێربوون. لێرەدا ڕۆڵی پەروەردەکاران دەبێ ڕوون و ئاشکرابێ بۆ دروستبوونی بۆچوونێکی پۆزەتیڤ و باوەڕ بەخۆ لەناخی منالدا کە ئەو کەسێکی داهێنەرە. هەروەها هەر منالێك باوەڕی بەخۆی هەبێت کە ئەم بەهرانەی تێدایە، وەك خۆ بیرکردنەوە، ڕاهێنان، جم و جۆڵ و فێربوون و هتد. بۆیە دەبێ پێگەیاندنی هەر منالێك لە چەن ڕوانگەیەکەوە سەرچاوەی گرتبێت، وەك ڕۆشنبیری، زمانەوانی، ڕەوشت، پراکتیك و جوانبینی و جوانناسی.

هەوڵی پەروەردەکاران گرینگە بۆ ڕێنوێنی و ئاواڵەکردنی مێشکی منالآن کە بتوانن بە هۆی چالاکییەکانەوە پەرە بە بۆچوون و تواناو زانیاریەکانیان بدەن. لێرەدا ڕەچاو گرتنی پەروەردەکاران بۆ داهێنانی هاوسەنگیەك لە شێوازی جیاوازی زمانەوانی و جۆری فێربووندا مەرجێکی گرینگە بۆ دروستبوونی زانیارییەکی هەمەلایەنە. زمان و فێربوون دوو دیاردەی پێکەوەبەستراون هەر وەها زمان و پەرەگرتنی شوناسنامە. لێرەدایە قورسایی ئەرکی باغچەی ساوایان کە بتوانێت پەرە بدات بە زمانەوانی هەموو منالێك و بەرەو پێشیان بەرێت. بە چاوێکی ئاواڵەوە بڕوانێتە حەز و ئارەزوو و ڕووداریەکانی منالآن و بەرەو جیهانی زمانی نووسراوەیان بەرێت. منالآنی ڕەگەز جیاواز دەرفەتێکی چاتریان هەیە بۆ پەرەپێدانی زمانی ڕەسمی ئەو وڵاتەی کە تیایدا دەژین، لەکاتێکدا ئەگەر ئە و دەرفەتەیان بۆ بڕەخسێنرێ کە زمانی دایکی خۆیان بەهێزکەن و لە بواری زانستی تردا پێشکەون. باغچەی ساوایان پێویستە هەوڵێکی بەرچاو بدات بۆ ئاسانکاری منالآنی دوورەگە تا لە زمانی ڕەسمی وڵاتەکە و زمانی دایکی بە باشی بەهرەمەند بێت.

شێوازی داهێنان و ڕاهێنان لە ناخی منالآندا بە هۆی ئەم بابەتانەی خوارەوە جێگیر دەبێ. لەوانە نیگارکێشان، گۆرانی، مۆسیقا، شانۆ، (ڕوتمیك) واتە ئیقاع، سەما و هەڵپەڕکێ. سەرەڕای ئەم خالآنەی سەرەوە هەوڵدان بۆ بەهێزکردنی داهینان و ڕاهێنان لەڕێگەی نووسین و پێکەوەدوان و پێکەوەژیان تا ئەو رادە دەبنە ناوەرۆك و ڕێبازێك بۆ باغچەی ساوایان کە هاندەربێت بۆ گەشەپێدانی فێرکردن و بارهێنانی مندالآن. ئەمانە و چەن بابەتێکی تری پیشکەوتو خوازانە دەبنە هۆی دروستبوون و هاتنەمەیدانی نەوەکانی دواڕۆژ. لەوانە داهێنان، کەڵك وەرگرتن لە ماتریاڵ و تکنیکی نوێ، هەروەها کەڵك وەرگرتن لە شۆرشی تۆڕی زانیاری و تەکنەلۆژیا و مولتیمێدیا.

باغچەی ساوایان دەبێ گرینگی بدات بە پارێزگاری ژینگە و گیروگرفتەکانی سروشت. بۆچوونێك و هەڵوێستێکی ئیکۆلۆژی هەروەها باوەڕ بە دواڕۆژێکی ڕووناك، لە چوارچێوەی چالاکییەکانی باغچەی ساوایاندا بدرەوشێتەوە. کارکردن بۆ تێگەیشتن و دروستبوونی هەڵوێستێکی وشیارانە لەناو منالآندا پێویستە، کە پاریزگاری لە ژینگە و سرشت بکەن و هەست بە گرینگی بەشداربوونیان لە مردن و ژیانەوەی سروشت دا بکەن.



منالآن دەبێت لە ڕێی ئەم چالاکیانەوە لەوە تێبگەن کە کار و کردەوەی ڕۆژانەیان ڕیخۆشکەربێت بۆ پاراستن و گەشەپێدانی سروشتی ئێستا و داهاتوو.

کەش و هەوایەکی گونجاو و چاودێریەکی شیاو و کونجاو و دڵسۆزانەی پەروەردەکاران، پێویستە هاوسەنگییەکی گرینگ بێنێتە کایەوە لە هەڵس و کەوتدا بەرانبەر بە مندالآن، بە گوێرەی تەمەن و ماوەی مانەوەی ڕۆژانەیان لە باغچەی ساوایاندا. منالآن توانای ئەوەیان هەبێت کە گۆڕانکاری لەچالاکییەکانیاندا بکەن، چالاکییەکانیش ڕێخۆشکەربن بۆ بەهێز کردنی بەهرە و توانای منالآن لە بواری پیلانگێران، فانتازی و داهێنان لە یاری کردن و فێربووندا لە ناوەوە و لە دەرەوە باغچەی ساوایان. چالاکییەکانی دەرەوە دەبێ دەرفەتێك بڕەخسێنێت بۆ یاریکردن و جم و جوڵی جۆراوجۆر لە یاریگەکانی دروستکراوو سروشتیدا.

کۆتایی بەشی یەکەم

# شێوازی پەروەردە

## بەشی دوو

### ئامانج و ڕێبازەکان

ئامانجەکان ئاماژەییێکە بۆ ڕێبازوو کارەکانی باخچەی ساوایان هەروەها ئارەزووییێکە کە لە سایەیدا جۆری گەشەپێدانی منالآن دەبێ ڕوون بێت. ڕێبازی کارکردنی پەروەردەکاران لە باخچەی ساوایاندا بەرپرسیارییێکی مەزنە لەسەر شانی کارمەنداندا، بەڵکو بەرپرسیارییێکە لەسەر شانی هەموان بۆ بیاداچوونەوەو گەیشتن بە ئامانجەکانی شێوازی پەروەردە.

### پێوەر و بەهاکان

باخچەی ساوایان دەبێ چالاکانە و ئاگاهانە تاسیری لەسەر منالآن هەبێت و هانیان بدات لە کۆمەڵگای خۆیان تێبگەن و تێگەیشتنیان بۆ بەها بەنرخەکانی هاوبەشی و هاوتەبایی و دیموکراتی هەبێت و لەدواییدا بەربەستی بن.

ئامانج

تێکۆشان و هەوڵدانی باخچەی ساوایان بۆ پێشکەوتنی هەرتاکە منالێك گرنگە:

- منالْ دەبێ کراوە بێ، ڕێزوو سۆزو سۆلیدارتێی هەبێت، بەرپرسیاربێت لەو کارەی کە پێی هەڵدەستێت.
- توانای تیادا درووست بێت کە ڕێزوو شایان بۆ کەسی تر دانێت و لەباروودۆخی کەسی تردا بژێت. گرنگە فێرکرێت کە خوازیاری یارمەتیدانی کەسانی ترە.
- توانای تیادا دروست بێت کە شت بدۆزێتەوەو داهێنانی تیادا بکات. هەڵوێستی چاکی تیادا دروست بێت بۆ بەرەنگاری کردنی هەر قەیرانێکی ڕۆژانە کە دێتە پێشی.
- تێبگات لەوەی کە هەرتاکە کەسێك لە منالآن هەمان بەهایان هەیە، جیاوازی ڕەگەزوو نەتەوایەتی و بارودۆخی کۆمەڵایەتی گرنگییێکی ئەوتۆی نەبێت.
- ڕێزگرتن لە هەموو زیندەوەرێك و منالآن بە پەرۆشەوە پارێزگاری لە ژینگە بکەن.

### ڕێبازەکان

کامەندانی باخچەی ساوایان گرنگە کە:

- ڕێزیان بۆ تاکەکەس هەبێت و بەشداربن لە دروووست بوونی کەش و هواییێکی دیموکراتی لە باخچەکەدا، لەگەڵ یەکدا ژیان بەگیانێکی بەرپرسیاریەوە گەشە دەستێنێت و منالآن ئەو هەلەیان بۆ دەڕوخسێت کە سۆلیدار و سۆزی خۆیان بۆ یەك دەربڕن.
- منالآن جۆشدرێن بۆ هاوئاهەنگی (یارمەتیدانی یەکتر) بۆ کارئاسانکردن و چارەسەرکردنی گرفتەکان، لەهەمان کاتدا ئەو گرفتەی کە دروووست دەبێت لێکۆڵینەوەییێکی چاکی لەسەر کرێت و دواگوێ نەخرێت. ئایا ناکۆکێکە چۆن دروووست بووەو چارەسەرێکی گونجاوی بۆ دانرێت، گرنگە لێرەدا کە بە جەختەوە باس لە ڕێزگرتن لەیەك بکرێت.

تیمێکی تایبەت دامەزرێت بۆ لێکۆڵینەوەی داخوازێکانی منالآنو ئرکی ئەو تیمە ئەمانەی خوارەوەیە:

- بەرپرسیاربێت لە داخوازێکانی هەر تاکە منالێك و ڕێزبگرێت لە داواکارێکانی و بەئاکام بگەن، تاکو هەرمنالێك چێژ لە بەهای خۆی وەرگرێت.
- بەرپرسیاربێت لە جێبەجێ کردنی کاروو تێکۆشانی دیموکراتی کە منالآن بە چالاکیانە تیایدا بەژداربن.
- بەرپرسیاربێت لە زندووکردنەوەی ووت و وویژ دەربارەی گرفت و پرسیارەکانی ژیان.
- منالآن ئاگەدارکەنەوە کە کە مرۆڤ بۆچوون و ڕوانگە و هەڵسەنگاندنی جیاوازی هەیە، ئەمانەش ڕێخۆشکەرن بۆ راو هەڵسوکەوتی منالآن.
- هاوکاری لەکەڵ ماڵەوە هەبێت، ئەویش دەربارەی چۆنێتی پەروەردەی منالآن و ووت وویژ لەگەڵ دایك و باوکان دروستکرێت بۆ ڕوونکردنەوەی یاساو ڕێساو باروودۆخی ناوەوەی باخچەی ساوایان.

### گەشەسەندن و فێربوون

چالاکێکانی باخچەی ساوایان دەبێ ڕەنگدانەوەی ئەو شێوازە فێربوون و پەروەردەو چاودێریە بێت کە لە باخچەکەدا بەرپادەبێت، ئەم هەمە ڕەنگیەش تەواوکەری یەکترن. ئەم شێوە فێرکردنە دەبێ بەجۆرێك بەئەنجام بگەیێنرێت کە هانی منالآن بدات و تەحەداییێك بێت بەرەو گەشەکردن و فێربوون. کەشوو هەوای باخچەکە کراوەبێت و ناوەڕۆك دەوڵەمەندبێت. چالاکێکانیش هاندەربن کە لە سایەیدا منالآن بتوانن گەمە بکەن و داهێنانی تیادا بکەن. تواناکانی منالآن بایەخی پێبدرێت و بقۆزرێتەوە و حەزو خواستەکانیان بەهێزبکرێت تاکو بە ئاگایی تاقیکردنەوە، زانیاری نوێ و شتی تر ببێتە پیشەی ڕۆژانەیان. هەروەها ئەم چالاکیانە دەبێ هاندەربن بۆ گەشەپێدانی لەخۆ و لە جیهانی دەورووبەر تێگەیشتن. پشکنین و ئارەزووی دۆزینەوەی

بابەتی نوێ، ئەمانە و بەدەیەها چالاکی سوودبەخش لە باخچەکەدا دەبنە بەردی بناخەی پەروەردەییێکی چاك. شایانی باسە کە ئەمانە هەموو لە تاقیکردنەوەی جۆراوجۆرو حەزو بۆچونی جیاوازی منالآندا سەرچاوە دەگرێ. هەموو ئەو بیرو راو چۆنێتی بیرکردنەوەیە لە نێو منالآندا پارێزگاری کردن و بەجۆشەوە بەرەوچونە بۆ درووستکردنی زانیارییێکی هەمە لایەنە کە منالآن سوودی لێدەبینن.



منـــــاڵ توونوی زانیاری تازەیـــــە

## ئامانجـی دیـکە

باخچەی ساوایان دەبێ تێبکۆشێ کە هەرتاکە منالێك:

- گەشە بەکەسایەتی خۆی بدات و هەست بەئاسایش بکات لەچوارچێوەی ئەو کەسایەتیە.
- گەشە بە فزولیەت و حەزەکانی بدات و لە ئەنجامی گەمەکردنی بەسوود توانای ئەمانەی تیادا درووست بێت.
- گەشە بەدرووست بوونی ئازادی و بەهێزکردنی، هەروەها باوەربەخۆکردن، ئەمانەش دەچنە نێو چواچێوەی درووست بوونی کەسایەتی ئەو منالە.
- هەست کردن بە انتما و بوونی خۆی لە نێو چواچێوەی کولتورێکدا کە خۆی تیایدا دەناسێتەوە، هەروەها ڕێزیش لە کولتوری بێگانە بگرێت.
- گەشە بە تواناکانی منالآن بدرێت لە بواری گوێکرتن، گێڕانەوەی شت و کاردانەوەی، هەروەها بۆچوونی خۆی بەئازادانە دەربڕێ.

- لە بواری گونجان بەتەنها و لەگەڵ کۆمەڵە منالی تر، چارەسەرکردنی گرفتەکان چۆن دەبێت و لە ماف و ئەرکەکانی تێبگات. هەروەها لە بواری چۆنێتی التزام کردنیان و گوێ ڕایەڵ بوونیان بەرامبەر بە یاسا هاوبەشەکان.
- لە بواری هەڵسوکەوتی نەرم و توندوتیژ، ڕێکخستنی شتومەك، لە لەش و لاری خۆ تێگەیشتن و گرنگدان بە بواری تەندروستی، ئەمانە بابەتی گرنگن بۆ پەرەپێدان و گەشەسەندنی منالّ. هەروەها لەبواری بەکارهێنان و شێوەی وتنەوەی وتراوەی ڕێك و پێك و جوێن نەدان بە هاورێکانی. گرنگە منالّ لە زاراوەی جیاواز تێبگات و بزانێت کە ئایا چ پەیوەندییێك لە نێوانیاندا هەیە. هەروەها چۆنێتی دەبرین و دارشتنی ئەو وتراوانە، تاکو بە چاکی لە جیهانی دەرەوەو ناوەوەی خۆی تێبگات. لێرەدا گرنگە کە ئاماژە بۆ خاڵێکی گرنگ بکرێت ئەویش گەشەدانە بە زمانەوانی هەر تاکە منالێك، زمانێکی دەوڵەمەندو پوختە فێرکرێت بۆ دەربرینی خواست و نیازەکانیان. زمانی نووسین تێگەیشتنی سیمبوڵەکان و چۆنێتی بەکارهێنانیان گرنگی پێبدرێت.
- لە بواری دروستکردن و داهێنان، باسکردن و گەیاندنیان بە منالآنی دیکە. چۆنێتی بیرکردنەوەو تاقیکردنەوەی جیاواز بتوانرێت لە ڕێی چەند چالاکییێك ڕەنگ بداتەوە، لەوانە گەمەو یاری، نیگارکێشان و بڕین و نوساندن (چەسپ کردن)، جولانەوە، گۆرانی و مۆسیقا، سەما و دراما.
- لە بواری چاکسازی، دروستکردن و داهێنان کە بتوانرێت بە یارمەتی چەند کەرەستەییێکی جیاواز و تەکنیکی نوێ شت بەرهەم بێنن. لە بواری پیاچوونەوەو دۆزینەوەی گرفتی بیرکاری کە منالآن بتوانن لە بواری جیاوازدا بە کاری بێنن.
- بەهێزکردنیان لە تێگەیشتن و بەکارهێنانی ووتراوە بنەرەتێکاندا کە ڕۆژانە بە کاردێن، بەتایبەت پێوەر و شێوەکاری، کات و شوێن و خۆ ڕاهێنان لەگەڵ ئەم بابەتانەدا.
- گەشەدان بە هەست کردن کە سروشت گرنگەو منالان لە ڕووداوە سروشتێکاندا بەشدارن. ژینگە بەشێکە لە ئێمەو ئێمەش بەشێکین لە ژینگە، هەروەها توانای ناسینەوەو زانیاری چاك لەبواری داروودرەخت و گوڵ و گیاو ئاژەڵو زیندەوەرەکانی تری پێ بوترێتەوە.
- ئەو کاتەی منالّ زمانی زکماکی کوردی نەبوو! باخچەی ساوایان دەبێ هەوڵێکی چاك بدات بۆ گەشەپێدانی زمانی

زکماکی ئەو منالە، هەروەها بەهێزکردنی هەستی کولتەری و نەتەوەیی ئەو منالە گرنگە.

## ڕێبازەکان و چۆنێتی بەکارهێنانیان

- هاوکارییێکی چاك پێویستە بۆ گەشەپێدانی شیاو و گونجاو لە ناو باخچەی ساوایاندا، ئەم هاوکاریەش لە کاتێکدا سەقامگیر دەبێت کە کارمەندان بتوانن لە ڕێی گەمەو یاری سوودبەخش هەروەها بە ووردی چاودێری کردن و یارمەتیدانی ئەو منالانەی کە لەبەر چەند هۆییێکی جیاواز پێویستیان بە چاودێری ووردتر و گەشەپێدان هەیە.

ئەو تیمە تایبەتەی کە بۆ لێکۆڵینەوەی داخوازێکانی منالان دامەزراوە بەرپرسیارە لەوەی کە منالان بەکۆمەڵ چالاکی جیاواز بەدی بێنن لەوانە:

- گەشەدان بە تواناکانی منللان بە کۆمەڵ و هاندانیان بۆ یارمەتیدانی یەکتر.
- منالان هەست بەوە بکەن کە ئەو شتانەی لە باخچەی ساوایان فێری دەبن بە چێژو سوودبەخشە.
- یاری و گەمەی بەسوود ڕێخۆشکەربێت بۆ هاوبرکیٚ و ململانیٚ، لە سایەیدا حەزەکانیان و ئامادەبوونیان بۆ وەرگرتنی تاقیکردنەوەو زانیاری نویٚ جێی خۆی دەگرێتەوە.
- یارمەتی و هانبدرێن کە گەشە بە ڕەفتاری جوانی کۆمەڵایەتی بدەن.
- ڕێیان بدرێتیٚ کە پەیوەندێکانیان لەگەڵ منالی تردا بەهێزکەن و هەست بە ئاسایش بکەن.
- یارمەتی زمانەوانیان بدرێت تا بتوانن پەیوەندێکانیان لەگەڵ یەکدا بەهێزتربێت.
- یارمەتی جوڵانەوەو بەدەست کارکردنیان بدرێت و گەشەبکات.
- چاودێری چاکیان بکرێت کە لەگەڵ بەرنامەی ڕۆژانەیاندا چاك بگونجێت.
- گرنگە کارمەندان و پەروەردەکاران توانای منالان بقۆزنەوەو داخوازی و حەزو ئارەزووەکانیان هەروەها باوەڕبەخۆبوونیان بەهێزکرێت.
- هانی ئەو منالانە بدرێت (کە قورساییێکی ئەوتۆیان تیابەدی دەکرێت)، یارمەتیەکی تایبەتیان پێشکەش کرێت.
- ڕێگایان بۆ خۆشکریٚ لەوە تێبگەن کە ئایا من وەکو زیندەوەرێك چ قازانج و زەرەلێکم بۆ ژینگە هەیە! هەروەها لە ژینگەی دەوروبەری خۆیان ئاشنابن و لەوە تێبگەن کە چ کارو کاردانەوەییێك بە بۆنەی بوونی ڕۆژانەی ئەوان لە ژینگەدا درووست دەبێت. هەروەها ئاشنایی پەیداکەن لەگەڵ کولتورو داب و نەریٚتی ئەو ناوچەیەی تیایدا دەژین.

## کاردانەوەی منالان

بەردی بناغەی دیموکراتی لە باخچەی ساوایاندا دادەمەزریٚ و سەقامگیر دەبیٚ. جالێرەدا گرنگە کە منالان ناوەڕۆکی ئەم ووشەیە تێبگەن و گەشەپێدانی هەڵسووکەوتی کۆمەڵایەتی و خووڕەوشت لە تواناو وزەی منالاندا ڕەنگ بداتەوە، لەو کاروو کردارەی بەجێی دێنن بەرامبەر ژینگەو هاوڕێکانیاندا. حەزو ئارەزووەکانیان کە لە هەڵسووکەوتیاندا ڕەنگ دەداتەوە، دەبیٚ بناغەییێك بیٚ بۆ شێوەدانان و ڕیٚ و ڕەسمی ڕەوشتیان ئەمەش بە پلانێکی ئاگاهانە و شێوازێکی پەروەردەیی ڕاستەقینە بەرپا و سەقامگیردەبێت.

## ئامانـــــج

ئەو ئامانجانەی باخچەی ساوایان دەبیٚ کۆششی بۆ بکات کە هەر منالیٚ:

لەم بوارانەی خوارەوە گەشە بەتواناکانی بدرێت:

- ڕوونکردنەوەی بیروبۆچوونەکانی و ڕێی پێبدرێت کە ئەو بۆچوونانە کاری لەسەر باروودۆخەکە هەبێت کە منالان تیایدا دەژین.
- بەرپرسیاربێت لەو کارانەی کە پێی هەڵدەستێت سوودبەخشبن بۆ کەشوو هەوای باخچەکە.
- لە بابەتەکان تێبگات و لەسەر پرنسیپی دیموکراتی خووڕەوشتی بگونجێنیٚ، بەشداربێت لە چەندەها شێوازی هاوکاری لەگەڵ هاوڕێکانیدا و ڕێی بدرێتیٚ کە خاوەنی بڕیاری خۆی بێت.

## ڕێبازەکـــــان

کارمەندانی باخچەی ساوایان دەبیٚ ئەم دوو خاڵەی خوارەوە بەرچاوبگرن:

- کە هەر تاکە منالێك بتوانێت گەشە بە تواناکان و خواستەکانی بدات، هەروەها کاری خۆی هەبێت لەسەر شێوازەی باخچەی ساوایان.
- کە منالٚ بە یەك چاو سەیری ئەوانی تر بکات و راو بۆچوونەکانی ڕێزیان لێبگیرێت.

تیمە تایبەتەکەیکە لە ئارەزووەکانی منالآن لێدەکۆڵێتەوە دەبێ دەبێ لەسەر چەند ڕێبازێکی ڕوون کاربکات کە:

- گرنگی بەتواناو ئارەزووی منالآن بدرێت و هەستی بەرپرسیارێتی تیادا درووست بێت بەتایبەت بەرامبەر ئەو تیمەی کە سەپەرشتی دەکەن.
- کارمەندان بە ئاگاییەوە دیقەت و تەماشای تواناکانی منالآن بدەن و هەلیان بۆ برەخسێنن کە لە ناوەڕۆکی چالاکێکانیان تێبگەن و شێوەی کارکردن و بەشداربوون لەو کارو چالاکیانە بە بەرزی هەڵسەنگێنن.
- کچ و کور هەمان هەلیان بۆ برەخسێنرێت و بە بێ جیاوازی ڕێیان بدرێت کە تاسیراتی خۆیان لەسەر ئەو چالاکیە بنوێنن.
- منالآن ئامادەکرێن بۆ بەژدابوون و بەرپرسیارێتیان بەهێزکرێت تا لە ماف و ئەرکەکانیان تێبکەن کە لە کۆمەڵگاییێکی دیموکراتی باوە و بەرپا دەکرێ.

## باخچەی ساوایان و پەیوەندێکانی ماڵەوە

باوك ودایكان بەرپرسیاران لە چۆنێتی پەروەردە و منالەکانیان. شێوازی پەروەردە لە باخچەی ساوایان دەبێ تەواوکەری شێوازەی پەروەردەی ماڵەوەبێ، لەهەمان کاتدا بۆ بەدیهێنانی ئامانجێکی چاك و ڕێك و پێك لە پەروەردەدا باخچەی ساوایان دەبێ هەلی چاك بۆ منالآن برەخسێنێ کە تیایدا هەست بە حەسانەوەو گەشەسەندن بکەن. بۆیە کارکردن لەگەڵ ماڵەوە دەبێ لەسەر بنەمای ڕاستگۆیی و باوەڕ بەیەکبوون پەرە بسێنێت. ڕێ بە دایك و باوکان بدرێت کە بەشداربن لەو ئامانجە نیشتیمانیەی کە وولاتێکی دیموکراتی دەیەوێ پێی بگات، هەروەها کارو کاردانەوەیان لە سەر چالاکێکاندا هەبێت. بۆیە گرنگە کە باوك و دایکان لە ئامانج و ئارەزووەکانی منالآن ئاگەداربن و ڕاستەوخۆ لە ئەنجامەکانی شێوازی پەروەردەی منالآنیان بە ئاگابن.

کارمەندان دەبێ ڕێزێکی تایبەتیان بۆ باوك و دایکانی منالآن هەبێت، هەروەها وەکو کارمەند چاکە ئەگەر لە نزیکەوە پەیوەندیێکی تایبەتی لەگەڵ هەر باوك و دایکێك هەبێت.

لەکاتی دەستپێکردنی هەرمنالێك لە باخچەدا دەبێ کارمەندان زانیارییێکی چاك بۆ باوك و دایکان ئامادەبکەن و دەربارەی هەڵسووکەوت، خووڕوشت، پێشکەوتن، گەشەکردن و فێربوونی هەرمنالێك لە ڕێی کۆبونەوەیەکی تایبەت بە باوك و دایکی بوترێت. ڕێدان بە باوك و دایکان کە بۆچوون و ڕوانگەی خۆیان هەبێت لەسەر ئامانج و شێوازی پەروەردە. هەروەها هەرچ تێبینیێکی سەرنج ڕاکێش دەربارەی پلان و چالاکێکان هەبێت دەبێ لەبەر چاو بگیرێت، چاکە ئەگەر باوك و دایکان بتوانن بەشداری لە هەڵسەنگاندنی چالاکێکان بکەن.

## پەیوەندی باخچەو خوێندگە

ئەو پەیوەندیەی کە لە نێوان ئەم دوو شوێنە گرنگە بۆ منال دروست دەبێت هاوکاری و پەیوەندیێکی چاکیان پێویستە تا بە شێوەییێکی چاك و ڕێك و پێك یارمەتی منالآن بدرێت، هەروەها تاکو منالآن لە زانیاری و ئامۆژگاری بەردەوامی باخچەو خوێندگە نەپچڕێن. گۆڕینەوەی زانیارێکان و ئاگەدارێکان دەبێ لە نێوان کارمەندانی باخچەو خوێندگەدا دروست بێ، هەروەها گۆڕینەوەی ڕاو بۆچوونی تایبەت دەربارەی ئارەزوو پێداویستەکانی هەر تاکە منالێك پێویستە.

### تێ بی نی

### وەرگـــێر

وەکو ئاشکرایە کە لە وولاتە دیموکراتێکاندا گرنگییێکی زۆر بە منالآن دەدرێت، ئارەزوو داخوازێکانی منالآن کۆتایی نیەو نایێت، هەر بابەتێکی تازە لەلای منالآن داخوازی و زانیارییێکی تازەیە. بۆ نموونە ئەگەر یارییێکی سەیرو سەمەرەی نوێ لە ژیانیدا دەبینێ بەهەمو شێوەییێك حەزدەکات هەیبێت و یاری پێبکات. ئەو هەستە ڕاستەقینانەی کە لە ناخی منالآندا درووست دەبێ بە گوێرەی تازەگەری و گۆڕانکارێکانی دەورووبەری ئەوانیش گۆڕانکاریان تیادرووست دەبێت. زانیاری بۆ منالآن زۆر گرنگە و من زۆرجار وەکو نموونە قارچك دەهێنمەوە چونکو لە وولاتی سوێد زۆرن، قارچك چەنێ ئاوی بدرێتێ ئەوەنە زیاتر گەشەدەکا و گەورەتر دەبێت، هەر بەو شێوەیە زانیاری نوێ و خوڕەوشتی چاك وەکو ئاوی ئەو قارچکەیە بۆ منالآن. جالێرەدا دەمەوێ بگەمە ئەو مەبەستەی کە مداخەلەکەمی تیا ڕوونکەمەوە.

هیچ زانیارییێك لە منالآن نابێ بشاردرێتەوە و منال دەبێ ماوەی ئەوەی بدرێتێ کە خۆی لە شتەکان بکۆڵێتەوە بێگومان بە شیکردنەوەی ڕوون و چاك بابەتێکی زۆری بۆ لا ڕووندەبێتەوە.

زانیاری دەربارەی لەش و لاری، ئەندامەکانی لەشی، چۆنێتی کارکردنیان، هۆی نەخۆشبوونیان، هەستیان و سۆزیان بەرامبەر ئەوانی دیکە. ئەمانەو زۆر بابەتی تر کە پێویستن لەگەڵ پەرەسەندنی منالآندا بە منالآن بوترێنەوە و شیکرێنەوە.

ئەمانەش بێگومان پێویستیان بە کارمەندی لێهاتو بەتوانا هەیە کە شت دواگوێ نەخا و بەردەوام خۆی لە زانیاریە نوێکان و گۆڕانکارییێکان دەوڵەمەندتر بکات.


وەرگـــێر شەهاب مەنمی، هاوینی 2006

# «چمکێکی چکۆلە لە ڕۆمانی سارا»

سەرەتای مانگی گەلاریزانە. ئەحمەد ڕانەکەی ئاژینی دەشتایی پشتی گوندی ئینچکە دەکات. تاسێک شیری خەست و خولی پایزی دەدوشی شورڕدەبیتەوە بوسەر ئەستیرگ و مولەرانەکەی پشتی ڕیگەکە. خیرا کوکایەک ئازالە و بریک پڵ و پووش کو دەکاتەوە. ئینجا بانگ لە دواشوانەکەی دەکات و دەلی:

ـ بە قوربانت بم، بکەوەرە داوینی ڕانەکەوە، مەهێڵە ئەوەندە لە ناودیی ئینچکە نزیک بیتەوە. خو خەلکی ئاوایی هیچ نالین، چون ئەوان فەقیرن ئەوەندە پەز و پاتالیان نیە ئەم پوش و پوارە بخوات و نەبیتە ژیر بەفری زستان و بەفیرو و بی کەلک برزی. بەلام بو خومان ناشیرینە؛ نەکا مندالیک یان هەرزە و دەمرووتیکی ئاواییمان لی راستەوە بیت و لیمان کاتە هەرا و چوار جنیومان پی بدات. داوینەکەی هەلدەوە تا تو وردە وردە بەرەو مولگەکەیان دەکەیتەوە، منیش باییەک شیرم دوشیوە دەیکولینم؛ چاییەکەشت بو ئامادە دەکەم. هەر چەن فینکی کردوە بزن خوی لە مولدا بو راناگیری. بەلام خودەبی ئەوەندە لە سەرئەستیر و مولگەکە رایان گرین تا نان و چاییەکەمان دەخوین.

بە دیقەت کلەئازالەی چنی و بەردە ئاوەسووەکانی نایە ناو دلی کلەکە و ئاوری تیبەردا. کتریە رەشی لی پرکرد و لە تەنیشتی ئاورەکەی دانا. کە بەرەو گوندی (قەرەول) ئاوری دایەوە، زەلامیکی بە کولیکی زلەوە وەدی کرد. کابرای کول بە کول پەیتا پەیتا هەلویستەی بو دەکات و بەرەو دوا ئاور دەداتەوە. پاش تاویک سی قەرانتووی ورد و بریک درشتتر دەردەکەون؛ دوو مندالی سەر و قنگ وردیلە و یەکیکی بریک کزرتر. دیارە ئەوەندە ماندوو و شەکەتی ریگان کە شانکە شانک جار و بار لەتر دەدەن و لاری دەکەن. کابرا بە کولەکەیەوە بە سەر گالوکەیدا بریک چەماوەتەوە. بانگ دەکات و دەلی:



ـ هوهو سارا گیان، براکەت لە کول کە بە قوربانی چاوەکانت بم. من دەچمە سەر ئەو ئەستیر و کانیە تا ئیوە دین بەشکەم پشوویەک بدەم و نەختالیک بحەسیمەوە. کابراکە، تەلیسیکی هەلمساوی زەلامی تەنگاو تیلکەدراوی بە کولەوەیە. جل و بەرگیکی پینەپیناوی و کلاو و جامەدانەیەکی دراو و ریشول ریشول بە سەرەوە؛ جووتیک کەوشی هەلقەلەشاو، تاکیکیانی بە بەنەخورینە کونێک بە پییەوە بەستراو؛ ماندوو و شەکەت و بار بە لیو،

قامکەکەلەی پیی دەلیی کیسەلە سەری لە قاوخ دەریناوە؛ گوچانیکی بریک ئەستوور بە دەستەوە، تاو تاو لەبەر تەعادلی کولەکەی دەستا و دەستیکی پی دەکات و جار جار بەسەر قولی کەواکەی، ئارەقەی ناوچاوانی بو دەسری. کە چاوی بە ئەحمەد دەکەوی، دەلی:

ڕولەگیان ماندوو نەبی.

به قوربانت بم مامەگیان، بو خوت ماندوو نەبی.

کابرا ویستی پال بداتە بارسایی پشتی ریگەکەوە. لەتریکی دا، زرم بە لادا کەوت. ئەحمەد زور بەزەیی پیداهات. خیرا پەتی تەنگاو تیلکەی کولەکەی لە ئەستوی دەترازینی. ملی مامەی پیرە لە پەت رزگار دەکا و دەلی:

ـ مامە گیان با بچینە سەر ئەو ئاو و ئەستیرە تا منالەکانیشت دینە پیشەوە، پشویک بەن و پیالەیەک چامان لە گەل بخورەوە.

ـ دەک عەمرت دریژبی رولە. بە خوا پەکمان کەوتووە.

ئەحمەد چمکی کولەکە دەگری، دەیداتە شانیا و دەیباتە پەنای مەنزل و کوانووەکە. سارا کە بریک پەرو پیتالی خوی و خوشک و براکەی ناوەتە ناو بوخچەیەک، نیمچە کولیکە؛ براکەی دەکاتە قەلاندوشانی؛ قاچەکانیچەپ و راست بە دەستیک بە بەر بینیەوە و بەو دەستەکەیتری دەستی سەلمە دەگری و وردە وردە بەرەو باوکی دەکشیت و دەلی: ئەری سەلمە گیان توچونی، خوشکەخوشی نەدیو و بی دایکەکەم؟

واللەدادە ساراگیانخومن وەکحەمەی برام پەکم نەکەوتووە، زور باشم. لە بەر تو و حەمەی برام نەبوایە دەتوانم لە پیشەوە بروم و هەنگاویک لە بابم بە جی نەمینم.

ئەحمەد کولی کابرا دادەنی و واول دەکاتەوە سەری. کە دەبینی لاقی لیّ راکیشاوە هەر هەناسە برکییەتی، دەلی:

ـ مامە گیان هەستە چا حازرە، ئەوا مندالەکانیشت هاتن.

به قوربانت بم دەستم بگرە با هەستم. نازانم بوچی سەرم دەگیژیتەوە؟ ئەحمەد دەستی دەگری و دەلی:

ماندووی بویە. پیویستت بە حەسانەوە هەیە.

کابرا روی کردە ئەستیر و ئاوەکە. ئیحتیاجی خوی رەفع کرد؛ دەست و دەم و چاویکی بو شوری و چووە لای کوانوو کتریەچاییەکەوە دانیشت. مندالەکانیش گەیشتنە پیشەوە. توزیک حەسانەوە. کابرا روودەکاتە کچە گەورەکەی و دەلی: سارا گیان بچنە سەر کانیەکە، ئەو ئارەقو توزە لەسەر و چاوتان بکەنەوە. حەمە چکولە دەلی:

ـ بابەگیان بە خوا من دەم و چاوم ناشوم، دە نووم.

سارا و سەلمە دەچنە سەر چاوانەی ئەستیرەکە. سەلمە خیرا دەم و چاوی دەشوا و دیتە نەملاوە. سارا دەلی:

ـ دادەی سەلمە گیان بچو کتری و باییەکە لە کولەکەی باوکم دەرینە؛ بوم بینە با پریان کەین، دەست و پیی حەمە گیانی پی بشوین؛ بریک ماندووی بحەسیتەوە.

کابرا دوشەکەلە چکولەیەکی لە کولەکەی دەرینا و حەمەی لە سەر راکیشا. حەمەی بەستەزمان تلیساوەتەوە

تا سەلمە بە کتری و تاسەوە دەکەریتەوە سەر کانی، سارا خیرا دم و چاوی شوریوە؛ کوتە ئاوینەیەک و کولکە شانەیەکی دارینی لە گیرفانی دەریناوە و دەستیکی بە بسکەکانیدا هیناوە؛ کل و کلدانەکەی لە گیرفان دەریناوە و سەر و چەن میلی بە چاوەکانیدا هیناوە. دیسانەوە دەستیک بە بسکەکانیا دینی و بە شانە شیان دەکاتەوە. ئەنجا بە تاس و کتریەکی پر لە ئاوەوە دینە پەنای

ئەحمەد و باوكیان دادەنیشن.

ئەحمەد دەڵێ: دەک مامەگیان بە خێر بێن. بە خوا كورد واتەنی، خەسوو خوشتانی دەوێ؛ میوانی ناوەخت نین، هێشتاكوو خوێشمان قاوەڵتونمان نەخواردوە.

ئەحمەد دەست دەبات كترییەكە لە سەر سكلی تەپاڵە دینێتە ئەملاوە. گەرەكیە چایان بو تێكات. سارا خێرا رادەپەری و كترییەكەی لە دەست دەستێنی و دەڵێ:

- ئێتر مادام من لێرەم ئەم جورە كارانە دەبێ من بیكەم. تو و باوكم دانیشن. فەرمان لە ئێوە و ئەنجامدان لە من.

سارا پەلاماریک دەباتە سەر كوڵەكەی باوكی؛ دوو دەست پیاڵە و ژێرپیاڵە، دوو كوجیلە و كەوچكیدارین دەردێنی، بە دوو قورووشكەی شوانەوێلەوە دەبنە چوار. چوار چای جوان تێدەكات و دەینێتە بەر دەم ئەحمەد و باوكی و سە لمە و حەمەی برای.

ئەحمەد بە ئیسراریکی زورەوە چاییەكەی لە بەردەمی خوی هەڵدەگری و دەینێتە بەردەمی سارادا و دەڵێ:

-دادەگیان ئێوە میوان و ماندووی رێگەن، منیش حەساوە و میواندار. جاری سەر و دوو چایی بخونەوە با برێک بینەوە حاڵ، منیش بزانم بەردەكانم سوور بوونەتەوە، بو شیرە كولینەكەمان. كابرا دەستێک بە خولامانەی كورە چكولەكەیدا دینی و دەڵێ:

حەمەگیان هەستە. ئا ها كاكەگیان چای بو لیناوین؛ ئەوەتانی شیری بو دوشیوین. هەستە بە قوربانت بم.

كورەی بەستە زمان، شڵ و شەكەت، خەویش وای شڵ كردوە خوی بە قنگەوە ناگری. باوک كە حاڵی كورەكەی وادەبینی چاییەكەی دەنێتەوە بەر دەستی سارا و دەڵێ: ها ساراگیان خوت بیخورەوە. با حەمەگیان توزێک بحەسێتەوە. سارا لە پێش چاوی ئەحمەد چاییەكە دەكاتەوە ناو كترییەكە؛ پیاڵە و ژێرپیاڵەكە پاک و خاوێن سەر لە نوی دەشواتەوە و دیسان پری دەكاتەوە. دەست و پەنجە و پیاڵەی بێ بازن و خرخاڵی ئارایشتی ئەحمەد دەكات و دەڵێ:

- فەرموو تو ئەم چایە تازە تێكراوە وەخو؛ من چایەكەی تو دەخومەوە كە پێت كەرەم كردم. چون چایی تاڵی كەرەم كراو نابێ هەر وا رەت كرێتەوە!

ئەحمەد بە باشی تێگەیشت و بە چاوێكی پر لە هەست و حورمەتەوە تەماشایەكی دەكات و پیاڵە چاكەی لە دەست وەردەگری و دەڵێ: - بە سەر چاو، بێ دڵیت ناكەم.

پاش ئەوەی سەر و دوو سێ چایان خواردەوە، ئەحمەد ورگی كلی ئازاڵە سووتاوەكە دەدرێت؛ دەنوارێتە خرە بەردە ئاوەسووەكاندا. دەبینی وەک دەندووكی كەو سوور بوونەتەوە. ئەنجا تاسە شیرەكە دینێتە پێشی. بە مقاشێكی لە داری تەڕ دروستكراو، خرە بەردێک دەخاتە ناوی. دەسبەجی تاسە شیر دەكەوێتە كەف و كوڵ و قوڵتە قوڵت؛ دەڵێی سەعاتێكە لە سەر تەندورت داناوە. ئەحمەد روو دەكاتە سارا و دەڵێ:

- خو ئەمەیان ئێتر كاری تو نیە؟

بوچی بەری واللە. ئەمە و زور كاریتری كەژ و كێو بە دەستی منەوە كولاوە! پار و پێرار، منیش دواشوانی باوكم بووم و بە باشی فێری ئەم شێوە ژیانەی كردووم. بەڵام بە داخەوە خوا ئەم جورە ژیانەشی پێ رەوا نەدیوین! تو پێت وایە هەر تو شوانە وێلەی هەرداوهەردكەری؟

ئەحمەد تویشە بەرەكەی كردەوە. لە نێوان هەر چواریاندا رایخست. هەرتک (كوجیلە) دارینەكە پر دەكا و روو دەكاتە سارا و دەڵێ:

- ئەمەیان بەشی من و باوكت؛ ئەوەشیان بەشی تو و خوشكت. ئەوەی لە تاسەكەشدا ماوەتەوە بەشی هەرتک حەمەی گەورە و چووكەیە. پێم وایە زور باشم بەش كردوە، سەر و زیادیانە. كە دەست دەكرێتە نان خواردن ئەحمەد زور بە شینەیی و ئیشتیاوە بە دەم نان خواردنەوە دەڵێ:

- دەی مامەگیان من و تو هاو قاوین. دیارە تویش شارەزای ئەم شێوە ژیانەی؛ كات و ساتی میوانداریەكەی منیش خو هێندەی بە دەمەوە نەماوە. پێویستە یەكتری بناسین بو دوا روژ؟

كابرا لە كاتێكدا بە دەم نان خواردنەوە تا تیكەیەكی دەخوارد بەشی تیكەیەكیتر نانە رەقی دەخنیە ژێر ترێتەكە بو ئەوەی بخووسێتەوە، بە نەرم و نیانی دەڵێ:

- بە قوربانت بم، جگە لەوەی شوانی وەک میراتێک لە باب و باپیرمەوە بوم بە جێ ماوە؛ جگە لە شوانی سەپانی، كرێكاری و جووتیاری و مجێوری گەرمێن و كوێستان نەماوە نەیكەم. ئێتر با حەماڵی و بویاخچیەتی سەر شەقامەكانی شاری بەغداش لەولاوە بوەستێ. بەمحاڵەش هەر رسقم سوار و بوخوم پیادە و پێخاوس، وەک ئێستا بە چاوی خوت دەمبینی. زور دەمێكە وەک پەلەوەری گەرمێن و كوێستانكەر، وەک كاولی كوچەری، لەو روژەوە (ریخەلوم بە قول و قاچمدا هالاوە ) قەت زستانێک لە ناو ژن و منداڵی روژەرەشمدا نەماومەتەوە. هاوین لە كوێستان و زستان لە گەرمێن بووم، بە قوربانت بم.

نان و شیریكی خەست و خولی شوانەوێلە، بو پیرە پیاوێكی لیقەوماو و برسی و پێ پەتی و ماڵ بە كول و هەڵوەدای دیاری نادیاری، لەم هەل و مەرجەدا بو كابرای كوسكەوتوو، بە كوشی منداڵی برسی و ماندوو و دایكمردوو و هەتیوكەوتوو، باشترین نیعمەتی كاتیە. شتی وا چون فەراموش دەكری !؟

ئێستا سارا میوانداری حەمەی دواشوانی ئەحمەد و حەمە چكولی برایەتی كە بە نان و شیر خواردنەوە خەریكن. پاشان حەمەی دواشوان وەدوای رانەكەی دەكەوێ. سارایش كاسە و كەوچک و كتری و بەند و بەسات كو دەكاتەوە و دەیانباتە سەر كانی و ئەستێرەكە؛ بە ئیشتیا دەست بە شورینیان دەكات. ئەحمەد روو دەكاتە كابرا و دەڵێ:

- پێم خوشە بزانم ناوت چیە و لە كوێوە و بو كوێ بەم منداڵانەوە سەری خوت هەڵگرتوە؟!

كابرا كە سەری كورەكەی ناوەتە سەر رانی، پەیتا پەیتا دەست بە كاكول و سەر و ملیدادێنی و دەیلاوێنی، دەڵێ:

**[ یاخوا كەس وەک من كوێس كەوتوو نەبێ]**

**[ شاتاڵ بە كول و دڵ هەڵچوو نەبێ ]**

روڵە شیرینەكەم، وا دیارە تو هەرچەندە بە تەمەن منداڵی، بەڵام بە ژیری، پیری. گوێبگرە بو ئەم میوانە كێویلەیەی خوت. ئەمن ناوم كەریم ە. بە بنەچە لە پشتەوە لە هوزی كەڵورم، لە سكیشەوە، لە گەڵ مامانەكانی (باخ و بەیتوولی)دا خاڵ و خوارزاین. بو بەدبەختی جێگەی دە تەنەكە تووم لە قەركە باهیریكدا بە میرات پێ برا. بە مرووربە زەبری شان و پیل و پاچ و بیل، خوشم كرد؛ كردمە كوتەڵە زەویەكی باش. بە دوو وەرز دام دەچاند. هەر وەرزی چوار تا پێنج تەنەكە تووم تێدەخست و

وەرزەکەی ترم دەکردە شیوەرد بو سالی داهاتوو. جگە لە مانگایەک کە دایکە کولولەکەی ئەم مندالانە، لە کاتی «باوەخون»* کردنەوەدا پییان دابوو، هەتتا چوار پیی سەگ لە درگامان‌دا وەدی نەدەکرا. لە بەر بیگاری مالە خان، خو هیندە دەرامەتم نەبوو، زوربەی بەهار و زستانەکان پیش لەوەی مانگاکەمان بزی ناچار دەبووین گویلکەکەمان دەفروشت. من کە هەتا لنگە گایەکم نەبوو وەک بریک لە هەژارانی هاوسیم، گا بە گای پی بکەم، ناچار بووم خوم بە گام بکردایە. واتە پیاو بە گا! دوو روژ لە گەرمەی گیادروون و دروینە کردن‌دا دەیانکیشامە جاردا؛ لە جیاتی روژیک جووتە گایەک کە لە هاوسیٚ دەولەمەندەکانم وەرگرتبوو. بەلام بریا هەر بە پیاو بە گا، رزگارم بوایە. ناچاربووم تەن بدەمە پیاو بە کەر؛ کە دە لیم پیاو بە کەر، رولەگیان لات سەیر نەبی. خو بە کول گرشە گەنمم بو نەدەهاتەوە خەرمانەکانی پەنا دی؛ ناچار بووم لە سالا دوو سیٚ روژیش کار بو دەولەمەندیکی خەسیس بکەم تا چەن روژ کەر و کورتانم بداتی، کیشەی پی بکەم. خو بە تەنیا مانگاکەیشم نەمدەتوانی گەنمەکەم گیرەبکەم. دەبوو لە بریتی پارین گیرەیش‌دا هەر نەبی دوو روژ خوم بخەمە ئیختیاری دەولەمەندیک، شیلەی گیانم بکیشی. مام کەریم هەناسەیەک هەلدەکیشی و دەلی:

زورتر لە حەوت سال، مەشیا من لە گەرمەی کار و باری کشت و کالی‌دا، لانی کەم ناو بە ناو ۲۰ روژ تا یەک مانگ دەولەمەندە چاوچنوکەکان بم کیشنە جارا، لە بریتی چەن جوت گا و چەن کەر و چەن پارین‌گیرە؛ تەنیا و تەنیا بو ئەوەی توانیبتم لە سالا جیگای چوار تەنەکە زەویم کیلابیت و چوار قنگە تایە کولوشم گیرە و کیشەوە کوتابیت؛ پاروە نانیکی ووشکم وە دەس هینابیت، مەمرە و بژی مندالەکانم بو بە خیو کرابیت.

مام کەریم پیارسکە پەرویەکی لە گیرفانی دەرینا کە لوێچیٚ تووتن و چەن پەرە سیغاریکی تیدایە. سیغاریک دەپیچیتەوە و پیارسکەکە دەباغەلی دەنیتەوە. بە ژیلەموی کوانووەکە سیغارەکە دادەگرسێنیٚ و دەلی:

هەتاکوو نە بووبووینە پینج سەر خیزان، باش بوو؛ بریک ئاسانتر دەژیاین. پایزان دوای داچاندنی ئەو کوتەلە زەویە، یازدە پووت گەنمم بو مندالەکان دەهاری و بریک کەرەستەی ژیانیکی هەژارانەم بو ژنەکەم، بە منٚدالیک یان دوو مندالەوە، بە قەرز و قولە جی‌بەجی دەکرد. ئەنجا لە گەل کاروانی رەش و رووتەکانی وەک خوم‌دا، بەرەو گەرمین دەرویشتین. جارجاریش بە تاقی تەنیا، ریم دەگرتە بەر. سەرت نەیەشینم، رانەکەیشت دوور کەوتەوە.

ئەحمەد هەستایە سەرپی بانگی حەمەی دواشوانی کرد و ووتی:

ـ هو هوی حەمەگیان، رانەکە دووبارە بشکینەوە بو ناو ئەو پەریز و جارە گەنمانە. ئەنجا لە پەنای مام کەریم‌دا دادەنیشیتەوە و دەلی:

ـ مامەگیان، بە قوربانت بم بریک زیاتر بەسەرهاتەکەتم بو بگیرەوە. خەمی رانەکەم نیە، پایزە و مووچە و مەزرا چول و هول و بی (زیان)؛ لە دواشوانەکەیشم زور ئارخایەنم؛ تابلیی وریایە و لە منیش بە تەمەن‌ترە و بو خوی دەزانی چیبکات.

مام کەریم هەناسەیەکی قوول هەلدەکیشی و دریژە بەباسی بەسەرهاتە پر لەکویلەیی و کویرە وەریەکەی دەدات و دەلی:

مانگاکەمان ئەوەندە پیر و بی‌ددان بوو، کەوچکت بخستایەتە دەمی تەقەت نەدەبیست. قەرزاری و داماوی و روژەرەشی نەیهیشت تاقە گویلکیکی، پیش‌فروش نەکەین تا هەر نەبی جیگەی مانگاکەمان بو بگریتەوە و کەوچکی دوی نیوە و ناتەواومان هەبیٚ بو نانەخووسەی مندالەکان. زستانی رابووردوو مانگاکەمان مرد، ئەما چ مردنیک؟! هەتتا گوشتەکەشی بە کاری خواردن نەهات؛ گوشتی چی، هەر پیست و پیشەی رەق و تەق و بی موو، پیستەکەشی وەک سالیک لە (هەلاڵ) نرابیت.

پاش ئەوەی دوو مژی لەسەر یەک لە سیگارەکە دا بە دلیکی کەیل و مالامال لە خەم و پەژارەوە دەلی:

دوو مانگ لەمەو پیش، دایکی مندالەکانیشم توخوش. ئەوەتانیٚ وەک بە چاوی خوت دەبینی، کوشیک مندال و مەینەتی بە سەرمەوە جی‌هیشتوە. ئەوساکە باش بوو دایکی مندالەکان، مندالەکانی بو بەخیو دەکردم؛ منیش مانگ و نیویکی پایز و سیٚ مانگی زستان و نیوە مانگیکی بەهار، ئەم پینج مانگە دەچوومە گەرمین بە شوانی و گاوانی و جوتیری و حەمالی و بویاخ‌چیەتی لە سەر شەقامی شارەکانی گەرمین پوولیکم پیکەوە دەنا و دەهاتمەوە. ئەگەر لە چنگ چەتە و دز و دروزنی شلیری، بە تایبەت پیاوەکانی سلیمانی حەمەجان لە میشیاوی شلیر و حەسەرەشی خانی وینە و داروخان، دەرباز و رزگار بوایەین، مندالەکانم پی پوشتە دەکردەوە و قەرزی قەرزاری سالی رابوردووم دەدایەوە. خو ئەگەر وە بەر پلی پیاوەکانی سلیمانی حەمەجان و ئاغا سالحی رەنگەریژان و مەحموخانی (ملە) یش بکەوتباین، ئیتر بە داماوی و هەناسە ساردی و رەنج بە خەساری و رەنگی زەرد و هەتاوگەستووی گەرمای گەرمینەوە، دەهاتینەوە ناو مندالەکانمان. دەربازبوون لە چنگ پیاوەکانی سلیمان و حەمەرەشی‌خان و ئاغاسالحی رەنگەریژان، لە ناو جەنگەل و لیرەواری "شلیر و ناوخوان" وەک دەرباز بوون لە (حەوٚخوانی ڕوستەم) وایە. دیسان مام کەریم هەلویستەیەکی بو دەکات و دەس پیدەکاتەوە و دەلیٚ:

ـ گشت دەم و دەزگای دەستەلاتدارانی ئەم جیهانە پان و بەرینە، بە ئاشکرا و رووت و عوریان دوژمنی لەش و لار و دەس رەنجی هەژارانن.

ئەحمەد هەر دەلیی هەموو لەشی کردوتە گویچکە و بو مام کەریمی شل کردوە. ئا لەم کاتەدا، سارا هەموو دەفر و دامانەکان بە شوراوی دینیتەوە مەنزلەکە. ئەوەی هی‌خویانە دەخنیتە ناو کولەکەی باوکی؛ تاس و کتریەکەی ئەحمەدیش کە بە دل و داوین بە خیزی ناو چاوانەی کانیەکە، وەهای ساویون، سویندت بخواردبا تازە لە سەر دووکان هەلگیراون و دووکەلی کلی تەپالە و کوانوویان بە خویانەوە نەدیوە، دەیان نیتە بەر دەستی ئەحمەد. ئەحمەد تماشایەکی سارا دەکات؛ ئینجا روو دەکاتە مام کەریم و دەلیٚ:

ـ دەی مامەگیان، تو خوا پیم بلی ئەمشەو مشتت لە کام گوند گرتوە، دەچیە کام ئاوایی؟

ـ رولەی شیرینم، مەشیا بچمە (شیخەلە) یان (حانە میران). بەلام کولی قورس و پیری وخەم و خەفەت، تیکرا

بەربینیان پێ گرتووم؛ منداڵەکانیش لەخوم خراپتر پەکیان کەوتووە؛ سارای بەستەزمانیش بە نیمچە کولیکەوە هیشتا ناچارە جار و بار براکەیشی بکاتە قەڵاندوشانی. بەڵام سەلمەگیان هیشتا وەک من و حەمەی برای پەکی نەکەوتووە. ئەحمەد تاس و کتریە کە دەنیتە ناو توشەبەرەکەی و دەڵی:

- خاڵو کەریمگیان ئەگەر بە ماڵی پیریژنیکی کوڵۆڵێ هەرگیز خوشی نەدیو، لەبیچمی خوت، دەساچینی ئەوە بێگومان ماڵی دایکە پیرەکەی منە. من داوات لی دەکەم بچیە گوندی سوننەتە. بە خوشیەوە منیش حەوتویکە شەوانە رانەکەم دەکەمەوە ناو دیدا؛ دەتوانم شەو لە خزمەتتاندابم. تەنیا حەوتویکە دەتوانم شەوانە بچمەوە پەنای دایکە پیرەکەم ستار بگرم. زورم پی خوشە شەویک میوانی ئیمە بن؛ هەرنەبی با بریک ماندووتان بحەسیتەوە. باشە مامەگیان؟

سارا بە بیستنی داخوازیەکەی ئەحمەد لە خوشیان دا وەک گول دەگەشیتەوە و تروسکایی دەکەویتە ناو دلی. چاوەکانی وەک کرمئەستیرەیەکی بچووک لەتاریە شەودا دەکەونە پرشنگ وەشاندن و چاوەروانی وەلامی باوکیەتی. مام کەریم دەڵی:

بەشکەم بە نەسیبمان بیت. ئەحمەد دەڵی:

مامەگیان ماڵەکەمان وا لە گویی شیوەڵەکە، هەروا چەن شەقاویک لە سەرووی حەوز و مزگەوتەکەیە. بلین ماڵی پوورامین یان ماڵی ئەحمەدی ئاغەجان.

* * *

ئەحمەد دەڵیی پەلت گرتوە و لە دنیایەکەوە فریتداوەتە ناو دنیایەکی ترەوە. چونکە تا ئیستا هەر سەر و کاری لە گەل کور و کاڵی ناو دێ و مەزرا و کشت و کاڵ و کەژ و کیوە؛ کەمتر ئاگای لە دنیای بیروون و هەندەرانە. یەکەم جارە باسی گەرمین و کویستان دەبیستیت. هیشتا ساردی و گەرمی دنیای دەور و بەری هەست پی نەکردوە. هەمیشە لە خوشەویستی دایکی و ماڵی شیخ جەلال و سەرجەم خەلکی سوننەتە بەرخوردارە.

ئەحمەد ئەو دوانیوەرویەی بە فیکر و زیکر و خەیالاتی مامەی ماڵ بە کول و ئاوارە، دەباتە سەر. بەو هیوایەی هەر نەبی شەویک میوانی بن. خوی بە خوی دەڵی:

« لە ماوەیەکی کورتدا زور شتی لی فیربووم. ئاخ، خوزیا ئەمشەویش میوانم بوایەن. بە وردی باسی گەرمین و کویستانی بو بکردمایە. دەبێ ئەم گەرمینە چون بیت، وا پایزان ئەم هەموو خەلکی هەوشارە، وەک قەتاری قاز و قولینک و ریشولی بەرەو خوی رادەکیشی. پایزان کەو و کارمامز و زوریک لە پەلەوەر و گیاندارە کیویەکان ون دەبن؛ بەهار دیسانەوە لە گەرمینەوە بە شور و شوقیکەوە دەگەرینەوە و بە دەنگ و رەنگی جوانیان دیمەنی کویستانەکانمان بو دەرەنگینن.

کە ئیوارە خوشی خوشی بە باوەشیک نانی شوانیەوە خوی دەکاتەوە ماڵا، بو یەکەمین جارە کە میوان بە ماڵی خویانەوە دەبینی. رواڵەتی لە خوشیاندا وەک گول دەگەشیتەوە. خوینی کەسیتی و خاوەنداریەتی لە شادەمارەکانی لەشیدا، وەگەر دەکەویت. بە دڵی ماڵامال لە شادی و خوشیەوە، باوەشە نانەکەی دەنیتە ناو سوینەی نانەکە و سلاویک دووپات دەکاتەوە و دەڵی:

- مام کەریمگیان بە خیربین؛ سارا و سەلمەگیان بە خیر بین؛ ئەی ئەوە کوانێ حەمە چکول؟ پوورامین دەڵی:

روڵە ئەحمەدگیان ماندوو نەبیت. یاخوا بە قوربانی خوت و میوانەکانت بم. روڵەگیان، حەمە چکولی بەستەزمان، لە ئیوارەوە هاتووە، سەر و مر لیی کەوتووە؛ هیچ ئاگای لە خوی نیە. یا خوا منی بمرم.

ئەحمەد کە دەبینی دایکی حەمە چکولی گرتوتە ئامیز و باڵیبوکردوتە سەرین و وەک کورپەی خوی دەیلاوینی، دەچی سەری هەڵدەداتەوە، ماچیدەکات وەخەبەری دینێ.

حەمەچکول چاو هەڵدەبری و دەڵی: - ئیرە گەرمینە؟

پوورامین ئاو دەزیتە چاوەکانی و دەڵی:

- ئا ها ئەحمەدگیان، حەمە دەڵێ چی. بە قوربانی خوت و میوانەکانت بم؛ توخواکەی حەمە ماندووە و شەکەتی ریگەیە. بەستەزمانە خو هیندە نەخوشە ئاگای لە خوی نیە. دەک منی مرم. روڵەگیان دایکی خوی نیە نازی بکیشێ.

مام کەریم ئاو زایە چاوەکانی، بەڵام ئەو هەمووە میوانداریە و دلسوزیەی ئەحمەد و پوورامین، لە کیو و لە ماڵەوە، بیوونە هیز و هیوا و توانیکی نوێ چووبوونە ناو لەشیانەوە، بە تایبەتی سارا.

سارا دەست و دەم و چاو و کەزیەکانی پاک پاک شووریوە و شانەی کردوون. لە پای مەقەلیە گلینە دەسکردەکەی پوورامیندا دانیشتوە؛ ئیستیکانەکانی بە خولەمیش وەها شووریوە، بریسکە بریسکیانە و ئاو لە چاوی مروف دەستینن. مەنجەلیک پلاوی برویشین لە پەنای مەقەلیەکەدا دانراوەو هەلمی لی هەڵدەستێ؛ گەرم گەرم تازە لە سەر کوانوو داگیراوە. خو کتریە رەشیش لە سەر مقەلیەکە خەریکی ساز ل و دووزەلە لیدانی خویەتی!

ئەحمەد لە تەنیشت مام کەریمەوە دادەنیشی و دەستیک بە سەر حەمە چکولدا دینێ، ماچیکی دەکات و دەڵی:

کاکەگیان، شەکەتی بە قوربانت بم؟! لاوە هەستە سەر خوت، با باوکت تروکاییەک بکەویتە دلی.

سارا سەر لە نوێ ئاویک لە ئیستیکانەکان وەردەدات، دوو پیالە چای پاک و خاوین تیدەکات؛ یەکیکیان دەنیتە بەر دەم باوکی، ئەویتریان ئارایشتی دەستی ئەحمەد دەکات. هەر کە دەستی سارا لە دەستی ئەحمەد دەخشێ، مووچرکەیەک بە لەشیا دیت؛ گزنیژەی ئارەق دەکەویتە ناو چاوانی، دلوپ دلوپ بە سەرگونای هەتاوگەستوویدا دادەچورێ. دلی دەکەویتە تەپە تەپ و لەشی پر لە مروژانە و مووچرکە.

پاش نانڵ خواردن خیرا گشت قاپ و قاچاخەکان دەشوا و دەیان نیتە ناو سەوەتەی تایبەتی کاسە و کەوچکەکان و دیتە پیچکەی کورسیەکە و بەرابەر بە ئەحمەد دادەنیشی. بە دزی و بە ئاشکرا دل و چاوی دەبریتە ئەحمەد. هەزاران خەیالی خوش و ناخوش لە ناو دلی خویدا دینی و دەبات و تاو و تووی پی دەکات. پوورامین بە دیار حەمە چکولەوە دوشی دابردوە. جار و بار دەستیک بە سەر سەلمەدا دینی و دەڵی:

- کچی خوم، لە پەنای حەمەگیاندا راکشێ با شەکەتی ریگە لە لەشت دەرچیت.

- ئەحمەد روو دەکاتە مام کەریم:

- دەی مامەگیان، بریک لە رەسم و یاسا و ژیانی خەلکی گەرمینم بو باس بکە! خوزیا منیش بم توانیبا لە

گەلتان بهاتبام. سارا بە بیستنی خوزیا خواستنی ئەحمەد، دلی دەکەویتە لیدان و تەپە تەپ و لە دلی خوی‌دا دەلی:

« هەزار جار خوزیا. ئەوە خوزیای منە لە دل و دەروونی تووە دیتە دەرەوە. ئاخ ببوویایتە هاو سەفەرمان...» مام کەریم دەلی:

ـ کورم تو هیشتا شەرتت هەلنەهاتوە. ئیستا نابی سەر نەسووز، ئەم دایکە پیرەت بە جی بیلی. ئەحمەد دەلی:

ـدەی مامەگیان. چ جورە کاسبیەکی‌تر لە گەرمین هەیە؟

ـ رولە گیان، لە گەرمین قەت بەفر ناباریت. خەلکی ئەوی قەت بەفریان بە چاو نەدیوە؛ مەگەر ئەوانەی بە کوچەری و ئاژەلداری، هامووشوی گەرمین دەکەن. لەوی تەنیا باران دەباری. قەت زمهار ناکەن؛ گیا دروون و گیرەی گزرە و کایشانیک نیە؛ قەت ئاژەلیان تەویلە و تفاق و ئاخور بە چاو نابینی. لە گەرمین خانووبەرە زور کەمە. بەشی زوریان چادرنشین و بریکیان زنج‌نشینن. سال دوازدەی مانگ هەر چەن روژ، هەواریک دەگورن. کوچەریەکان بەهاران بەرەو کویستان و پایزان خیلەو خوار بەرەو گەرمین دەگەرینەوە. ئەوانەی لە میژووی ژیانیان‌دا هەر کوچەری بوون؛ جافن. ئەوانەش کە بە کار و کاسپی کشت وکالەوە خەریکن، پییان دەلین گوران. لە گەرمین‌دا، خەلکی بە دوو بەرەی جیاواز لە شیوەی ژیان دابەش کراون؛ واتە (جاف) و (گوران). گوران بەو کەسانە دەلین کە خەریکی کشت و کالن و خانەنشینن؛ جافیش بەو کەسانە دەلین کە وەک کاولی، هەمیشە لە کوچەلکوچ و دەشت و دولەکانی گەرمین و کویستان‌دان و هەر چەن روژ لە هەواریکن.

لە گەرمین‌دا ژیانیکی سادە و سووک و ئاسان هەیە. گەور ڕشتن و شیاکەپیژان نیە و کورسی نانین تا وەک ئیستای ئیمە تا پشتینمان خومان کیشاوەتە ژیری. سال دوازدەی مانگ لەوی کار و کاسبی هەیە. وەک ئیرە نیە کە بە هوی زستانی سەخت و تووشەوە دەبی شەش مانگ کار بکەی، زمهار بو خوت و مال و مندال و ئاژەلت پیک بینی؛ بە چەن مانگ بیخوی و بە هاتنی بەهار دیسانەوە، ڕوژ لە نوی و ڕوزی لە نوی، دەس پی‌بکەیتەوە. شەش مانگ کار و شەش مانگ خواردن و خەوتن و بیکاری.

لەوی هەمیشە کار هەیە. بەهار جووت و جومال، شەتل لیدان و دروینەوە. هاوین، گیرە و کیشەی خەلە و خەرمان؛ شیش لیدانی تووتن؛ بەرهەمی مەرزە و لوکەچنین؛ چونەر و زور شتی‌تر؛ دیسانەوە جووتیاری، مجیوری، شوانی و گاوانی.

هەر وەها حەمالی و کەوش واکس‌کردنی سەر شەقامی شارەکان. دوو شیرکەتی(سەد سازی) لە دەربەندیخان و دووکان تازە دوو سێ سالە دەستیان پیکردوە. دەلین لانی کەم شەش حەوت سالی‌تر دەخایەنی. بەلام ئەو کارە بو ئیمە دەست نادات. چونکە کریکاری فەسلی کەم دەگرن. بە لام کار ، فراوانە .

سارا و سەلمە، هەر بە پاچەکولە و شەتل‌لیدان وشیش لیدانی تووتن، لە سالا بە قەد چوارپیاوی ئیرە پوول پەیدا دەکەن. بە مانگیک بە قەد شەرتی سالیکی ( نوکەریک )ی کویستانی، پارە پەیدا دەکەن. لە بریک کار و باری تایبەتی، کریی مندالیکی ١٢ سالە و پیاویکی سی سالە وەک یەکن. مەسەلەن وەک لە شیش و شەتل لیدانی تووتن و زور شتی‌تردا. بگرە مندالیک لە زەلامیک بە دەست و بردترە. ئەحمەد دەلێ:

ـ ئەی مامەگیان مەگەرخەلکی گەرمین بوخویان کار ناکەن کە وا ئەم خەلکە، پایزان بە لیشاو دەرون و بەهاران دەگەرینەوە؟

ـ کاک ئەحمەد گیان، وەک ووتم زستانی کویستان، بەهاری گەرمینە. دوو مانگی بەهار و سێ مانگی هاوین و مانگیکی پایز و بریک زیاتریش، ئەوی ئەوەندە گەرمە، میشکی ئیمەی کویستانی دینیتە کول. ئەو شەش مانگەی ئەوی وەکو جەهەنەمە! وەک مەلاکان باسی بەهەشت و جەهەنەم دەکەن، بە بروای من هاوینی گەرمین جەهەنەمە و بەهاری کویستانیش بەهەشتە، هەرکەس ئاوی گەرم و بوگەنیوی هاوینی گەرمینی نوشیبیت و ئاوی کانیاو و شاخەی شەتاو و شنەبای کویستانی بینیبیت، بیگومان ئەو کەسە بەهەشت و جەهەنەمی بە چاوی خوی دیوە. جا چون کەسیک بەهەشت و جەهەنەمی لە بەرچاو بیت، لە ناو جەهەنەمدا ژیوار دەکات؟! هەر بویەش ئیمەی کویستانی لە گەرمین‌دا ژیوار ناکەین. کاکە گیان یاخوا گرەی گەرمای گەرمین و ئاوە بوگەنیوەکەی بە نەسیبی دوژمنیشت نەبی. ئەحمەد دەلێ

ـ ئەی چونە خەلکی ئەوی، بەردەوام لەوی دەژین؟ بوچی بە جیی ناهیلن؟

ـ ئەوانەی کوچەرین، زور زوو بەرەو کویستانەکان دەرباز دەبن و لەوی نامیننەوە. زورن ئەو شوینانەی بە هاوین چولن و دیارە بریک جیگا هەیە کە بریک هیدی‌ترە و دانیشتوانی لە مندالیەوە لەوی خولقاون؛ بە ئاو و هەواکەی راهاتوون. وەک چون ماسی لە چلەی زستان‌دا هەر لە ناو سەهولاودا دەژی. هویەکی دیکەشی ئەوەیە کە ئەوان وەک ئیمە زولمیان لی ناکری. ئەمە بەو مانایە نیە کە لەوی زولم و نابەرابەری نەبیت؛ بەلام ئەوان وەک ئیمە نین. جگە لە ئاغا و کویخا و جار و باریش گزیرمان، چەکدار بن. یان وەک ئیمە نین ژانداره شرولەی پالەوی، قاپورە فیشەکیکمان پیوە ببینن بە مانگ و سال دەمان هینن و دەمان بەن؛ دەمان رووتیننەوە؛ قولخمان لێ دەستینن و شیلەی لەشمان دەکیشن و دەیان جار گیان دەگەیەننە کونە لووتمان! خەلکی ئەوی بە گشتی چەکدارن. دەلین پیاوی بی چەک بێ ناموسە. هەر کەس کەسی بوی راستەوە بی، دەتوانی زولمی لی بکات. لەوی بیگار و بگرە و بەردەی دەرەبەگ و گزیر و زور شتی‌تر نیە. زەکاتی بەراو لەوی، دە یەکە و دیم، پازدە یەکە. لە زور شوینیش زەکات و مەکات هەر نیە. هەرکەس، ئاغای کیلگەی خویەتی. ئەوەی بیچینێ و بەرهەمی بینێ، بو خویەتی و هەر لەمیژە خاوەنی زەوی و زاری خویانن.

رولە گیان، ئەگەر ناوی مریشکانە، کاورانە، گیسکانە، تەپالانە، سەوەتانە، رونانە و پەنیرانە بەری، باوەرت پی ناکەن و لەوانەیە بە دروزنت بزانن. ناوی سوورانە و سەرانە و زور شتی دیکە کە لیرە لە جانی بنی جانەوە بووە و هەر هەیە، ئەوان بە بیستنی سەرسام و قوشقی دەبن. لە گشت گرینگ‌تر وەک ئەم وولاتەی ئیمە (وەرە دەری سەگباب) ی تیدا نابیستی.

بە کورتی پیت بلیم چون دار قەزوان واتە دارەوەن و بەروو، مازووار، کیکف، بە بەهەرد و زەرد و بەردی رەقەن و خورەتاو هەلدەکەن و هەمیشە دەلیی ریشەیان لە

ئاو دایە؛ گەلا و گولی هەمیشە گەشیان پڕ پیت و بەرەکەتە. بە سروەی نەسیمی سەرملان، شاد و بەشاشن دەشنینەوە؟! ئەوا خەلکی گەرمینیش هەمیشە بە شنەبای ئازادی و بی ئازاری دەژین و دەشنینەوە. لە هەمان کاتیشدا دەلیم، چون داری کوولەکە بی و سێو و قەیسی بێ ئاو ناژین، ئاوایش ئیمەی کویستانی لە هاویندا لەوێ هەلناکەین. زور زوو بە گرەی گەرمای گەرمین، پروزەمان با دەیبا و وەک کوولەکەی شەستەلێداو تێک دەتەپێن.

ئەحمەد چوتە ناو بەحری بیر کردنەوە. دیمەنی دنیایەکی نوی کەوتوتە ناو مێشکیەوە. پاش چارەکە سەعاتیک سکووت، دیتە قسە ودەلی:

ـ مامە گیان ئەگەر روژیک ئەمن وەدووتان کەوتم لە کوی و چون بتان دوزمەوە؟

ـ کوڕم با پیت بلیم، ئەتو بەو خوو و خدە، و بەو خولقە خوش و شیرینەوە، دلنیام ناگەیتە لای من! چونکە ئەگەر تو بگەیتە گەرمین، دەسدار دەتبات و بی دەس تماشات دەکات. بەلام ئەگەر هاتی لە گوندی ﴿وەڵەسنت﴾ لە بناری شارەزوور، یان لە گوندی ﴿حاسل﴾ و ﴿سەراوی سوبحاناغا﴾ یان گوندەکانی ﴿قوماش و سویلەمیش﴾ بە تایبەت گوندی ﴿کەڵوران﴾، هەر بلیی مام کەریم کەڵوڕم گەرەکە، هەموو کەس دەمناسیلە هەرکوی بم، پیت دەلین.

شەوگار پالی بە نیوەشەوەوە داوە. پوورامین پڕ دوو گلینە، سنجوو و گویزی ئازای تایبەتی ﴿گویزەکانی دەرەکوردان﴾ ی لە پەنای حەمە چکولدا داناوە و بە بەیت و باو و بالورەی کوردەواری دەیلاوینیتەوە و دەلی:

﴿ یاخوا بە خیر بێن میوانی ئازیز * یا بە روژ بەهار یان بە شەو پایز ﴾

ـ دادەی کچم سارا گیان، لوولینەکە پڕکە لە ئاو و ئەو سوینەیەم بو بێنە؛ با حەمە گیان هەستێنین؛ دەم و چاوی بشوین؛ با لەم شەوچەرەی شەوگاری پایزەدا، بەشداریمان بکات.

ئیستا حەمە چکول، لە خەو هەستینراوە، دەست و دەم و چاوی پاک و خاوین شورراوە؛ گشت ماندوویی و شەکەتی ریگە لە لەشی تارینراوە. دیسانەوە باوکی دەداتە بەر پرسیار و دەلی:

ـ بابە گیان ، ئیرە گەرمینە؟

ـ ناوەڵڵا کوڕم بەلام ئیشاڵڵا بەم زوانە دەگەین. پوورامین پڕ کوشی حەمەی کردوە لە گویز و سنجوو و دەلی:

ـ حەمە گیان من گویزت بو بشکینم، یان بو خوت دەیانشکینی؟

ـ ناوەڵڵا دەبی دادە سارام بومان بشکینی، خو هەموو کارەکان هەر ئەو دەیکات.

مام کەریم کە بە زوربەی پرسیارەکانی ئەحمەد وەلامی داوەتەوە، خەو شلی کردوە؛ تاوێ نە تاوێ ریشی سلاویکی سینگی دەکات. مامکەریم کە دەبینی حەمە هاتوتەوە سەرخوێ، لە گەل پوورامیندا سەری ئاشنایی داخستووە و قسەی ژیکەلە ژیکەلە بو پوورامین و سارا دەکات. بە دەم هەڵیت و پەڵیت و بەلی ووتن لە جوابدانەوەی ئەحمەددا، خەو بە لایدا دینێ و هەزارسال. خو سەلمەیش دەمێکە خەوتووە.

ئیستا ئیتر، میوان و خانەخوێ، بە تایبەت سارا و پوورامین وردە وردە هەوری چلکنی نامویی لە ئاسمانی خەیالیاندا، بە دەس شنەبای ﴿هیوای﴾ پاش نیوەشەوی دوور و دریژی پایزی، خەریکە پەرش و بلاو دەبیتەوە. سارا دەلیی لە خەو و خەیالیکی خوش راچلەکیوە و بە حەوت ئاو بسکەکانی شوریوە و شانەی کردوون. پرچی رەشی دەلیی رەشمارن؛ بەشیک بە ناو شان و بەشیک شوڕ بوونەتەوە سەر سینگ و مەمکی تازە لیرکردوویدا.

ئەو شەوە، شەویکی شازە لە میژووی ژیانی دوو بنەمالەی هەژاردا؛ هیوا و هومید و بیرەوەریەکی شیرین تیکەلاوی خوینی شادەمارەکانی لەشی سارا بووە. سارا تەنیا لە خەیالیک، بەلام خەیالی دەروونی ئەحمەد لفەدوانەیە. سارا لە تاو ئەوینی بەژن و بالای ئەحمەد خەو لە چاوە جوانەکانیدا، بە تەواوی باری کردوە. ئەحمەدیش وەک لە ژیر عەرزەوە تازە هاتبیتە سەر زەوەی، یان لە کورەیەکیترەوە هاتبیتە ناو دنیایەکی نوێ.

سارا گویز دەشکینی و کاکلە لە پیست جیا دەکاتەوە و دەیکاتە ناو تەشپیەکی گلینی نەخشینراو و لە بەر دەستی ئەحمەد و حەمەی برای دایدەنی؛ مەعازەڵڵا خوی میلاکی ناکات. کە تماشای لەخت و لاری ئەحمەد دەکات دەلیی بە چەپکە ریحانە ئاوپژینی دلی دەکەن.

بە شەقەی بال و قووقەی کەلەشیرە سووری ناو کولانەکەی پەنای دەستیان زانیان، پارشیو کەرانە. زورتر لە دوو سەعات شەوی نەماوە و کەس ئاگای لە رابوردنی کات نیە. سارا بە دلی پڕ لە هیوا و هومید بە بەژن و بالای ئەحمەد و پوورامینیش لە خوشی میوان و میوانداریەک کە قەت بە چاو نەی دیتوە. بە تایبەت لە خوشی هاتنەوە سەرحالی حەمە چکولی تازە هەتیو کەوتوو. حەمە ئیستا هاتوتەوە حال و لە گەل ئەحمەددا ئاخاوتن دەکات و کاکلە گویز و سنجو دەخنێتە دەمی، بە سارا و دەلی:

ـ دادە سارا گیان ئەوە بو خوت ناخوی، هەر بو من و کاکە ئەحمەد پاک دەکەی؟ بە خوا دەبێ تویش و پوورامینیش لە گەلمان بخون.

پوورامین روو دەکاتە ئەحمەد و دەلی:

ـ ئوخەی لە خوا بە زیاد بێ، ئەوە حەمە گیانە ئاوا قسەی حەمتولە حەمتولەمان بو دەکات. ئیوارە دەتگوت بەرخە کورپەی لە شیر براوە و کەسیرە کەوتووە، ئیستا ژیاوەتەوە. خەریکە کاکلە و ٚسنجوو دەرخواردی من و سارا گیان دەدات. بە سەر هەر دوو چاوم. لە گەلت دەخوین، چون بێ دلیت دەکەین. دا دەی سارا گیان بێدلی حەمە گیان مەکە. کاکلە گویز بخو.

کولانەی مریشکەکانی پوورامین لە پشت درگای چەپەرە بە شیاکە سواخ دراوەکە، لە دیوی ناوەوەی مالەکە دایە. مام کەریم لە شەقەی بال و قووقەی کەلەشیرە سوور، رادەچلەکێ و ئەم شانە وشانێکی بودەکات و دیسانەوە، سەرەمڕ لیی دەخەوی.

پورامین دەلی:

ـ سارا گیان درەنگە بە قوربانت بم، با بخەوین، خو ئەحمەد گیان دەبێ بەیانی زوو خوی بگەیەنێتە پەچە، ڕانەکەی ڕادا. سارا دەس دەکاتە کوڵەکەی باوکیدا، دوو جاجمی کون و پینەکراو دەردینێ. بە پێخەفی دوو مال بریک کورسیەکە پوشتە دەکەنەوە، خویان دەخزیننە ژیر کورسی گەرم، کە دەلیی لە باتی گەمرە، بە داربەڕووی ﴿ناو خوان﴾ تاو دراوە. ئەحمەد و نە سارا خەو ناچیتە

چاویان. سارای بیچاره، هەتا بەیانی بە خەیال، دەیان جار خوی بە بووکی لە باخەلی ئەحمەددا دەبینێ. هەر بە تەمایە ئەحمەد لە ئامیز بگری، بەلام ئەوەی ئەحمەد بیری لی دەکردەوە، سەدیکی پولاین بوو. بەلام هەر ئەوە نیە کە سارای شیت کردووە. ئیستاکە بێ ئەوەی بارگە و بنەی خەیالی سارا بگاتە هەوار، هەوای بەر کولاوکەی مالەکە خەریکە روون دەبێتەوە!

سارا پەیتا پەیتا هەناسە هەلدەکیشێ. ئەحمەد لە بەرابەر گر و بلێسە و بوچەکی ئەو هەناسە سووتێنەرارانەدا، قوژس و قایم خوی رادەگری و بە هیچ کولوجێ تەسلیم نابێ. سارا سەرەنجام دەکەوێتە ناو بەحری بیر کردنەوە. خوی بە خوی دەلێ:.

« ـ بە خوا من بێ ئەقلم. کوا رەسمی پیاوی بە شەرەفە، هەستێتە سەر جێگای میوانی خوی! ئای کە لەو دلە کوسکەوتووەی من، ئەمشەو چ گرویکی لیگرتووم؟ جا بەس نەبوو بە قسەم نەکرد. خو ئەگەر... بەیانی و دوا روژ چون بم نواریایەتە ناو چاوی ئەحمەد. ئەمن چووزانم دەزگیرانی قەستەم خواردەی نەبێت؟ چون دەبێ نەی بێت؟ هەمدیس هەناسەیەکی هەلکیشا بەلام بریک بە سپایی. ئەو گورانیە فولکلورە کوردیەی هاتەوە بیر کە دەلێ:

﴿نەسیحەت بێ ئەی دلداران * عاشق مەبن بە ریبواران﴾

لە کاتیکدا سارا ئەم گورانیەی لە دلی خویدا دووپات و دەپات دەکردەوە، رووناکایی لە کولاوکەوە، خوشیوەتە ناو مالەکە. ئەحمەد ئەم شانە و شانیکی بو دەکات. کە هەلدەستیتە سەر پێ، سارا هەناسە لە خوی دەبری؛ پر بە دل نیگەرانە نەکا ئەمە دوا لەحزە بێ، ئیترێ ئەحمەد نەبینێتەوە. خوی لە دلی خویدا دەلی:

ـ تو بلیی بانگی باوکم نەکات خواحافیزی لیبکات...» لە کاتیکدا دەیان پرسیار و تو بلێی، دلی سارایان جەنجال کردوە، ئەحمەد راسا؛ سووک چمکی پلاسەکەی سەر دایکی هەلدایەوە، کە لە نیوان سارا و سەلمەدا نوستوە. زور بە سپایی دەستیک دەژەنێتە دایکیەوە. وەخەبەری دینێ و دەلی:

ـدایە گیان، ئەوا من دەڕوم بەلای مەڕەکەمەوە؛ بەلام بە قوربانت بم، ئەمرویش میوانەکان مەرەخەس نەکەی. تو خوا با حەمەچکول و سەلمە بریک بحەسینەوە. دایک دەلی:

ـ دەک دایک بە قوربانی کەوشەکانی خوت و میوانەکانت بیت؛ بە سەر هەرتک چاوم. برو ئارخاین بە، لە گەل سارا گیان ئاویان بو گەرم دەکەین؛ سەر و مل و لیباسەکانیان دەشوین. باشە بەندی دلی دایکی خوت؟

ـ ئەری وەللە، جا چ لەوە باشترە. بە خوا وەک هەزار حەجت کردبێ وایە.

هیشتا هەوا تاریکە. ئەحمەد توشەبەرەی لێ لە پشت دەبەستیت و دەست دەداتە گوچانەکەی لە مال دیتە دەرەوە. سارا بە بیستن و بینینی ووت و ویژی نیوان دایک و کوڕ، وەک بیچوە ئاسکیکی سرک و سووک، بە ئەسپایی لە ژیر چمکی پلاسەکە دیتە دەر. ئەوەی ئاوی شەو مەنەی ناو گوزە و گلینە و دەفر و دامانی مالی پوورامینە، گشتی دەڕیژی. بە جووتیک گوزەوە، خوی دەگەیەنیتە سەر کانی. تازە تاق و جووت ژنان و پیاوانی سەحەرخیز، بەرە و حەوز و کانی وەئاخیز کەوتوون.

پیاوان پەلە پەل بو وسل و دەسنویژ؛ ژنانیش بە مەبەستی دوولانە، نویژ و ئاو هینان. پیاوان بە هوی شەوکاری پاش نیوەشەوی ناو نوینیانەوە خو بە حەوزی مزگەوتدا دەکەن. بەلام بە پیچەوانەی پیاوان، ژنان شوینی وسل کردنیان نیە، ناچارن لە نویژی بەیانی چاوپوشی بکەن. تەنیا کچان و پیرەژنانن، لە سەر بەردەنویژی سەرکانی دەست بە دوعا بو بەخت و دنیا و قیامەتیان دەپاڕینەوە.

ژنیکی بە سالاچوو کە کولوانەکەی لە پشتەوە بە سەر سەریدا شورکردوتەوە، خەریکی ئەلحەمد و تەحیاتە؛ بە دیتنی سارا سلاوی نویژەکەی دەداتەوە. دەست دەژەنیتە ژنیکی پەنا دەستیەوە و دەلی:

ـ ئەری ئەم کچە غەوارەیە کییە؟ خەریکی دەست و دەم و چاو شتنە، خو بویشی پیوە ناوە، بو چی دەسنویژ ناگری؛ نویژ ناکات؟

ـ وەللە نازانم هەر ئەوەندە دەزانم لە مالی پوورامینەوە هاتە دەری. سارا ڕاسا و سلاویکی ئاوقەی حازرانی سەر کانیەکە کرد و جووتە گوزەی پر کرد و نایە سەر شان و وەک بارە کەوی تازە خال و مێل رەشتوو، خیرا خوی کردەوە مالی پوورامیندا؛ ئاوریک دەکاتەوە، کتریەیە رەش وەسەردەنێ، چەن هەنگاویک زیاتر لە کەوشەنی بەر و بەردرگای مالی پوورامین ئاو ڕشین دەکات و دەیمالی؛ بو هەموو پیاوان و ژنانی نویژکەر و سەحەرخیز جیگای سەرسوورمانە. لە مزگەوت و سەرکانی مقومقویە، یەکتر پرسیار باران دەکەن و دەلین:

ـ ئەری ئەو کچولە ژیر و ژیکەلە هی کییە لە مالی پوورامیندا!؟ داخوا لە کوییوە هاتووە. خو پوورامین و مام ئاغەجان هیچ کەس و کاریکیان نەبووە تا بینە مالیان و دیدەنیان لێ بکەن!؟

ئەم پرسیارە بێ وەلامە، مەتەلەیەکی هەرگیز هەل نەهینراوە. چونکە تا وەکوو ئیستا کەس میوانی بە مالی پوورامینەوە نەدیوە. کچولەیەکی ئاوەها ژیر و ژول و گورج و گول و شارەزا بە کار و باری گوند نشینیەوە، بو هەموو هاوسێ و دراوسێ، جیگەی سەرنج و پرسیارە؟.

هیشتا پوورامین لە خەو هەلنەستاوە، تەشت و تەنەکە و سوینە لە ئاو پرکراون. مەنجەلیک ئاوی وەسەرناوە و ئاوری وە ژیرداوە، چون دەیهەوی جل و بەرگی باب و خوشک و براکەی بشوات؛ ئەنجا بە سپایی بانگی پوورامین دەکات و دەلی:

ـ هەستە پووری گیان بە قوربانت بم با نویژەکەت نەچێ.

کە پوورامین هەستا و خوی گەیاندە سەرکانی، هیشتا هەتاو نەکەوتووە. ژنان پوورەی پوورامینیان دا و پرسیارباران‌یان کرد.

ـ ئەری ئەو کچە کییە لە مالتان؟ لە کوییوە هاتووە؟ بەشکەم بەختی خەوالووت خەوی لی زڕابیت و ئەو کچولە نازدارە بووکی ئاواتت بیت؟ پوورامین لە خوشیا هەر دەلیی ئاو پرژینی دلی دەکەن دەلێ:

ـ خزمینە ئەگەر هەژاریک شتیکی باشی وە چنگ کەویت، گشت کەس گوی قولاخ بوی دەوەستن؛ بویان پرسیارە و پرسیار بارانی دەکەن و دەلین: ئەوەت لە کوی بوو. بەلام خو بو ئیوەی دەولەمەن کە هەرچی روژە هەزار شتی تازەتان وەچنگکەویت، تەنیا پیروزباییتان پیدەلین؟ ئیوە ئەو هەموە میوانەی شاری و دیهاتیتان دیت، کەس نالێ ئەو میوانانەتان لەکوی بوو! بەلام ئیستا ئیوە

چوارچاوتان کردووم. من نازانم سەرەتا وەلامی کێتان بدەمەوە؛ لە جوابی هەمووتاندا دەلێم:

میوانیکی ئاوارەی مال بە کولی کوستکەوتوومان هەیە. ئەوە کچی ئەو کابرا ئاوارە و مال بە کول و لیقەوماوەیە کە هەر هەموو سامانەکەی ۳ منداالی رەش و رووت و تەلیسێک پر و پیتاڵە بە کوڵیەوە. ئەمروکە، بە هەڵکەوت بوتە میوانی ئیمە. سبەی خوا دەزانی لە کوی دەگیرسیتەوە. مندالیکی نەخوشی پییە ئینسان ئاگری تیبەر دەبێ بوی.

تا پوورامین لە کانی دەگەریتەوە، سارا خوی بە سر و سپیال شوردنەوە خەریک کردووە. کە چاوی بە بەڕ و بەردرگای گەسکدراو و ئاو رشێنکراو کەوت دەلی:

- بە قوربانی چاوەکانت بم، بریک راوەستە با برا و باوک و خوشکەکەت لە خەو هەستن و پێکەوە بەرقلیانیک بخوین، جا منیش یارمەتیت دەکەم، خو هەر نەبێ ئاوت بە دەستدا دەکەم.

- ئیستا حەمە و سەلمە و مام کەریم لە خەو هەستاون؛ دەست و دەم وچاویان شوریوە. وەک خیزانی مالیک لە دەوری ئاوری کوانوەکە، کوبوونەتەوە و خەریکی نان و چا خواردنن. پوورامین روو دەکاتە مام کەریم و دەلی: .

- مام کەریم گیان ئەحمەدی کورم پیی ووتوم ئەمڕو و سبەیش مەرەخەستان نەکەم. نابی لیرە تەکان بخون. مندالەکان زور شەکەتن با بریک بحەسینەوە. جل و بەرگ و سەر و ملیکیان بشوین ئەوساکە خواتان لە گەل.

تەندوور هیلە هیلیەتی. هەر دەلیی لە باتی گەمرە، داربەرووی شلیر و ناوخوانی تیخراوە. قولتە قولتی قازانە ئاو؛ گەوشکەنە چکولەی پشتی درگاکە کراوەتە سەرە شورگە. سەلمە لە کانی ئاو دینی و سارا خەریکی جل شورینە. پوورامینیش گوریسیکی حەوبالیبە گویسەوانەکەوە رایەل کردووە خەریکی جل هەلخستنە. مام کەریم دەچیتە دەری و مالیان بو چول دەکات تا پوورامین و کچەکان بە کەیفی خویان سەر و ملیان بشون. سارا کراسیکی پوورامینی لە بەر کردووە. لە تەوقی سەری تا پەنجەی پیی خوی و خوشک و براکەی شوریوە. چاک چاک خویان حەمام لەمی کردووە.

ئیستاکە تەنوور دامرکاوەتەوە. سارا گونک دەگری و تیری دەکاتەوە. پوورامین نان بە تەندوورەوە دەدات ودەلی:

سارا گیان، کچە شیرینەکەم، هەشت نو گونک هەویرم بو بیلەوە، مەیکەرەوە تیری، با تولتولە تەندوریەک بو نیوەرو دروست کەین. خو لە بەر شیوکردن نەمان پەرژاوە کەوچکێک چیشت لێ نێین.

کەنان وچای نیوەرو خورا، سارا هەموو جل و بەرگەکانی کو کردنەوە، کردنیەوە بەر خوی و خوشک و براکەی. ئیستا حەمە چکول مل و لاجانگیەکانی پاک و خاوینە ورشە ورشیانە. هەر دەلیی ئەو سەر و سیمایەی دوینیت لە سەر لابردووە و سەر و سیمایەکی نویت پیوە ناوە. سارا و سەلمەیش هەر ئەوتو. ئیستاکە مام کەریم راکشاوە. سارا دوو شەو و دوو روژە وەنەوز نەچوتە چاوی. پەیتا پەیتا چاوەکانی لیک دەنێ و چەناگەی سلاوی سەر سینگ و مەمکولەی تازە وەک هەنار هەلتوقیوی دەکات. مام کەریم تیگەیشت، ئەگەر سارا سەرخەویک نەشکێنێ شەوەکی ناتوانێ حەمەی برای بکاتە قەلاندوشانی، دە لی:

. روله شیرینەکەم سارا گیان، راکشێ و وەنەوزیک بدە.

سارا لە پەنای گەرمای لیو تەنوورەکەدا بوی لاردەبیتەوە و هەزارسال. پوورامین لە بەر بەروچکەی دەرکی خویاندا، دانیشتوە. قەت لەژیانیدا هیندە شاد و بەشاش و بە کەیف و سەر حال نەبووە. خوی بە خوی دەلی:

- کاشکی منیش وەک بریک لە دراوسێکانم پەز و پاتالم هەبا، تا ئیستا گیسکێکّ یان کاوریکم سەربریبا. بریا ئەو روژەیشم بە چاوی خوم دیبا، ئەحمەد گیانیش وەک بریک هاوسێ و هاورییانی بە سەربرینی پەزیک، پەزیرایی لە میوان کردبا. نازانم ئیستا منّ چیبکەم چیان بو لینیم تا ببیتە مایەی خوشی و شانازی و سەرفەرازی تاقە کورەکەم.

بە خوا کەلەشیرە سوور سەر برم خاسە؛ خو سێ خرتە، بە قەت گیسکێک دەبێ. خو دەمێکە (دوو سیە) * برنجم بو جیژنی رەمەزان داناوە، بە خوا قەت خیر و خوشی و جیژنی وام بو هەلنەکەوتووە. ئیستاکە من عەمری پیرە پەزیکم ماوە، نەکا بمرم میوانیکی ئاوەها هەژار و پاک و خاوینیتر بە خومەوە نەبینم؟ ئەرێ وەالله، ئەمشەو دەیکەمە جیژن. کەلەشیرە سووری بو سەردەبرم؛ خو دەکری ناوی مەولوودی یان قوربانیشی لی بینم. خو مەلاکان دەلین، کەسیک گا و گوتال یان بەرانێکی نەبێ بیکاتە(قوچی) قوربانی، دەکری کەلەشیریک بکاتە قوربانی...»

پوورامین هیندە خەیالاتی جوراوجوری لە دلی خویدا تا و توو پێ کرد، کە هاتەوە بە خویدا، دییی سیبەر بەشیک لە کەوانەی دیی داپووشیوە، هەرد و بەرد و گەلای (دارە وەنەکانی) کیوی ئیمام بەدەم زەردەی زیرینی خورە تاوەوە، دەدرەوشینەوە. خیرا ئاخیزیکی بودەکات و سێ جار لە سەریەک بە دەم و لیوە بێ ددانەکەی بانگ لە مریشکەکانی دەکات و دەلی: « توی ، توی...» گشت مریشک و باروک و کەلەشیرەکەی لێ کو دەبنەوە. کە لە ناو باروکەکاندا دوو بارە کەڵەشیر دەبینێ لە دلی خویدا دەلی:

- خو کەلەشیرە سوور بێ نەسل نیە و مریشکەکانیش بێ کەلەشیر نامیننەوە. خوا نەیبری، سالیکی دیکە ئەمانەیش هەر کام کەلەشیریکن وەک کەلەشیرە سوور...»

کە خوی دەکاتە مالا، دەبینی میوانەکانی لە شیرین خەودان. زور بە سپایی پەتیک بە ئالقەریزی درگاکەوە دەبەستیت و مشتیکدان لە کووپە کونیک دەردینێ و بو مریشکەکانیدەپرژینی. مریشکو کەلەشیر بە دان خواردنەوە خەریک دەکات و خوی دەکیشیتە دەرەوە. کە پەتەکە رادەکیشی بەشیک لە مریشک و کەلەشیرە سوور، دەبنە تەڵەوە. کەلەشیرە سوور بە باوەش پوورامینەوە، وەک کەلەگای بوغرا بوڵە بوڵیەتی؛ دەستەموی خویەتی و قەت ناقیژینی. زور بە سپایی دەچیتە سەرینی ساراوە لەخەو هەڵی دەستینی و دەلی:

سارا گیان ئادەی بە قوربانتبم باوکت هەستینە. تاسارا بابی وەخەبەردینی پوورامین کاردە قەرەچی سازەکەی لە ناو سەوەتەی کاسە و کەوچکەکان دەردینی و دەلی:

- مام کەریم گیان مەشیا بریک زووتر ئەم کارەم کردبا، بەلام نەمویست ئیسراحەتەکەتان لی خەسار کەم؛ بە تایبەت سارا گیان یەکجار ماندوو بوو. لە شەبەقی بەیانیەوە خەریکی ئاوهینان و شرە و شاتال شوردن و نان کردن بووە؛ دوو جار بەر و بەر درگای مالیوە و ئاو رشینی کردوە؛ ئیستا بە زەحمەتی مەزانە ئەم کەلەشیرەم

ئەحمەد لە رقا رەش هەڵگەڕاوە. لە دڵی خوی‌دا دەڵێ:
« جا بەس نەبوو پارەکە بەقسەی دایکمم نەکرد، مانگایەکم نەکری، ئەگەنا دەیانکردمە پارسەنگی کەر و کورتانی ماڵە جووت بەندەکان. دەبوو مانگیک بە ئاز و گویزی زەکات و خەرج و پیتاکی ماڵە دەوڵەمەندەکانەوە خەریک بم. جا وەرە رەشایی و رەش و رووتەڵەی هەژار، حەوت مانگ و نیو نوکەری، شەونخوونی و شوانی و گاوانی، یان سەپان بە و داس راکیشە و ئارەق بریژە؛ پاش ئەوەی شەرتت هەڵات، بت کیشنە ژیر بیگار و بتدەنە لوی کەر و کورتانی جووت بەندەکان‌دا...» ! بە توورەیی و پەریشانیەوە بەرە و ماڵەوە دەگەریتەوە.
کورە جحیڵە کان لەپەنای مزگەوتەکەدا، بەروکی پیدەگرن. پاش ماندوو نەبوونی و چاک و چونی، بە عام رووی دەمی تیدەکەن و دەڵین:
ـ کاک ئەحمەد گیان، دوو شەوە دەرناکەوی. وادیارە (تەوار ) بە سەرتەوە نیشتوتەوە؟
ئەحمەد کە هەرگیزاو هەرگیز رەنگ و روخساری لە کەس لیل نەکردوە، بە توورەییەوە دەڵی:
ـ کوڕە هەتیوە مفتەویژانە؛ دەڵیی لە گویی گادا خەوتوون ئاگاتان لە باوکتان نییە. خەریکی دامەزراندنی یاسایەکی نوین؛ دەیانەوی لەمەولا چی بارە زەکات و خەرج و پیتاکی دییە و لە ئەمبارەکانی ئاغای‌دا کەڵەکی سەریەک کراوە بو گواستنەوە، لە ئیوە واتە لە باوکتان کەر و کورتانو لەبەرەی رەشایی و رەش و رووتیش( کورو کاڵ)!
مەحمووی عەودە خەمتول، تیکەڵ لە گەڵ تریقەی پیکەنین‌دا دەڵی:
ـ جا کاک ئەحمەد گیان، تو خاوەن کەر و کورتان نیت تا زستان و هاوینیش شوانی مەر بیت بیگارت پی ناکەن. ئیتر خەمی چیتە؟ ئەحمەد دەڵی: کاکە مەحموو گیان، هەر قامکیک ببری خوینی‌خوی لیدی‌مەگەر منیش لە جوملەی ڕەشاییە کاڵ نیم؟
ئەحمەد زور بە نیگەرانیەوە گەرایەوە ماڵەوە. دایکی پرسی: روڵە ئەحمەد گیان ئەو قرم و قاڵە چ بوو؟
ئەحمەد بەوردیَ هەڵویستی نوکەرباب کویخا و پیاوە جووت بەندەکان بومام کەریم ودایکی دەگیریتەوە و دەڵی:
ـ دایەگیان لە بیرتە هەر دەتگوت خوزیا مانگایەکمان بووایە، جا بەس نەبوو بە قسەم نە کردی. پارەکە چوار بزنی بەر بە نیوەییم نەهینا، ئەگەر نا ئیستا چوار بزن لە درگامان‌دا بوایە، دەیان کردمە پارسەنگی کەر و کورتانی ماڵە دەوڵەمەندەکان.
ـ بە خوا کوڕم ئەمرو هەزار جار گلەییم لە خوا کردوە، وا قەت وەک هاوسێ و دراوسیکانمان چوار سەرحەیوانی پی رەوا نەدیوین. چەندە خوش بوو لە جیاتی کەڵەشیرە سوور، کاوریکم سەر بریبا و چوار هاوەڵی تویشمان دەعوەت کردبا ئیستا لە خزمەت مام کەریم‌دا بان. ئادیتە روڵە گیان، ماڵە دەوڵەمەندەکان میوانێکیان دیت کەس و کاری خویان لە دەوری میوانەکانیان کو دەکەنەوە؟! بریا من نەمردایەتم و ماڵ و حاڵی توم بە دل و داوینی خوم بدیبا. ئەحمەد دەڵی:
ـ دایە گیان منیش لە کردەوەی پارەکەم پەشیمان نیم کە چوار سەر بزنی بەر بە نیوەی کابرای دەوڵەمەنم نەهینا. دەنا ئیستا دەیان کردمە پارسەنگی کەر و کورتانی ماڵە دەوڵەمەندەکان؛ مەشیا مانگیکی رەبەق خەریکی ئاز و گویزی بارە زەکات و پر و پیتاکی جووتبەندەکان بایەم بومالی بەگەکانی گوندی قەڵەندەر.
ـکورە ئەحمەد گیان، مەسەلەچیە؟ کەری‌چی‌کورتانی‌چی!؟
ئەحمەد دیسانەوە بە وردی باسەکە بو دایکی و مام کەریم شیَ دەکاتەوە. مام کەریم دەڵی:
ـ روڵە گیان، پیاوی هەژار و زەحمەتکیش لە پیش‌چاوی پیاوی دەوڵەمەند و پارەدار لە گشت شتیک بی قیمەت‌ترە!؟
ـ مامە گیان، ئیستا من تاقە سێ روژم ماوە شەرتم تەواو بیت. دیارە وەک گشت سالیک دەبێ دە دوازدە روژیش، ماڵاوایی و پیاوەتی لە گەڵ ڕانەکە بچین. ئەگەر نەبینەوە شوانی زستانە و ئەگەر نەسیب هینامی بو لاتان ووتت لە گوندی وەلەسمت یان لە گوندەکانی حاسل و سەراوی سوبحاناغا بتان بینمەوە؟ باشم لە بیر ماوە؟
ـ ئەری وەاللە روڵەگیان باشت لە بەر کردوە. رەنگە ئیتر من قەت نەگەریمەوە و هەر لە گەرمین بمینمەوە. هەر چەن گشت کون و قوژبینیکی ئەم کەونە گواویە بو ئیمەمانان، بە بریک توفیرەوە، هەر جیگای نابەرابەری و لە یەک هەڵاواردنە؛ بەڵام سنووری بریک ئازادی و سەربەستی و ئاسان بژیوی لە نیوان گەرمین و کویستان‌دا وەدی دەکری.
ـ خاڵو گیان تو دوینی شەو باسی ئەوەت کرد کە خەڵکی گەرمین بە گشتی دەتوانن چەک هەڵگرن؛ هەر وەها باسی پیاو کوشتن و شتی واشت کرد، تکایە بریک روون‌تر بوم باس بکە؟
ـ ئەریوەاللە لە گەرمین تا کەسیک بە دەردی خوایی و خوی دەمری، دەیان کەس بە گولەی گەرمی یەکتری دەکوژرین.
ئەحمەد بو ماوەیەک بیدەنگ دەبیت بەڵام مام کەریم دریژە بە باسەکەی دەدات:
ـ کوڕم، زوربەی لەسەر مەسەلەی نامووس و دزی دەکوژرین. هەر کەسێ بە چاوی خەیانەتەوە تماشای خاو و خیزانیان بکات، بەناوی نامووس پەرستیەوە دەکوژریت. تەنیا ئەوکەسە بەسەلامەت دەمینیتەوە و دەس‌دریژی ناکریتە سەر دەسرەنج و گیانی، کە کاسب بیت و دەس‌کورت و نامووس پەرست. کاسبکاری هێمن و هێدی و ئەمین و بە شەرەف و کەرامەتیان لە باب و باپیری خویان خوشتر دەوی.
ئەحمەد خەڵک وخوی باش ناسیوە و سەنگینی و سوکی خوی باش لە دەست دایە. دەزانی هەمیشە زاڵە بە سەر نەفسی خوی‌دا؛ قەت هەوساری نەفسی بەرەڵا نەکردوە.
سارا هەر هەموو هەیکە لیکردوتە گوێ و بو قسە و باسی ئەحمەد و باوکی شل کردوە. ئەمشەو بە شیوەیەکی وەستایانە، چاو دەڵەوەرینێ. کەئەحمەد باس لە وەدوا کەوتنیان دەکات، سارا لە دڵی خوی‌دا دەڵیی: « خوزیا هەرئیستا لە گەڵمان دەهات...» هەر کە ئەحمەد دەیگوت، «دیم بە دواتان‌دا»، دەلاقەی ئاوات و هیوای سارا لە سەر گازی پشت دەکرایەوە وەک‌گول دەگەشایەوە. کە ئەحمەد ئاخرین وتەی دووپات و چەند پات دەکردەوە و دەیگوت:
ـ مامەگیان، دڵنیابن مەگەر مەرگ ماوڵم نەدات دەنا هەر دەبی بە باڵی هەوریش‌دا بیت، خومتان پی بگەیەنم...» ئیتر بو سارا هیچ شک و گومانیک نەدەما کە ئەحمەد دڵ و دەروونی لەو بارەوە " بوخچەی نەکراوەیە"؛ بە تایبەت کە

دەلی:
مەگەر مەرگ، دەنا هەر دەبی بە بالی هەوریش دابیت خومتان پی بگەیەنم...» لە راستیدا بە بەلینی ئەویندارانەی لیک دەداتەوە. بەم بەلینەش، بارگەی هیوا و ئاوات و ئارەزووی سارای زور لە هەوار نزیک دەبیتەوە.»
تازە شەبەق هەلی کردوە. مام کەریم دوو شەو و روژە بە باشی بوی حەساوەتەوە. بیریکی باشی لە لەش و میشکدا بو ژیاوەتەوە. بە سپایی دەستیک لە ساراوە دەژەنێ. خو سارایش مەعازەلا لەخوشی و دلە تەپپی باوەر و بێ باوەریدا، خەو نەچوتە چاوی. ئەمشەو هەر وشەی «مەگەرمەرگ ...»ی لە میشکی خویدا تاو و توو پیدەکرد و دەیکردە هەوینی ئاوات و ئەوینی.
پوورامین لەچپەچپی ساراومامکەریم وەخەبەر دیت دەلی:
ـ ئەوە چیە مام کەریمگیان، خو هیشتا هەر شەوە. تو خوا ئەو بەستە زمانانە لە خەو رامەچلەکینە، با لانی کەم بەرقلیانەکەمان پیکەوە بخوین.
ـ دادەگیان بە قوربانی قژە سپیەکەت بم. دەلین دەرمانی را، رەفتەنە و دەرمانی خەو خەفتنە. ئیمە بەشی حەوتویک حەساوینەتەوە. پیویستە زەحمەت کەم کەینەوەهەرچەند ئیسراری مامکەریم ئەوەیە کەدەبێ وەری کەون، بەلام لەبەر بەربەرەکانیی پوورامیندا خەریکە دار لە دەستی داکەوی. لەپر ئەحمەدیش لە خەو رادەچلەکی و دەلی:
بەخوا تا نان و چا نەخون، نایەلم برون. کە ئەحمەد بوو بە پشتیوانی دایکی، مام کەریم داری لە دەس داکەوت.
سارا وەک کارمامزی سرک، سووک لە ژیر پلاسەکە راسا و دەستی دایە جووتیک گوزە و بەرەو کانی رویشت. مام کەریمیش بەرەو حەوزی پیاوان. تا سارا هاتەوە، پوورامین باوەشیک کوتەرە تنگز و ولمە گاگەمەی لە ناو کوانووەکەدا کەلەکی سەر یەک کرد، ئاوری تیبەردا و بو نویژ کردن بەرەو کانی ژنان وەری کەوت. سەلمە و حەمە هیشتا لە خەو هەلنەستینراون.
سارا دلی دەکەویتە تەپە تەپ. خوی بە خوی دەلی: بەخوا فرسەتیکی تەلاییم بو هەلکەوتووە، با لە دەستی نەدەم و سفرەی دلم لە بەر پیی ئەحمەددا یەکالا کەمەوە؛ دەست دەستوی بکەم و کەف و کولی دەرونمی پێ دامرکینم...»
کیژولەی بەستەزمان لەشی وەک چلە بی لە تاو قەلپەزەی ئاودا، دەکەویتە شەکە و شوک. مووچرکەو ئارەقی شەرم دەست و دلی شەتەک داون؛ بە لیوە لەری و پچر پچر، جگە لە وشەی ﴿بە خوا بە دوامان دا نەیەیت، دلم دەتوقی و دیقت بودەکەم ﴾ هیچیتری بو نەووترا.
هیشتا هەتەریک لە هەتاو نیە. مام کەریم نیشتە بەر کولەکەیەوە؛ سارایش بوخچەکەی کە بریک وردە وەسایلی تایبەتی و مت و مورووی بە میرات کەوتووی دایکی تیدایە، توند و تول لە ناو شانی بەست و حەمەی نایە قەلاندوشکانی و دەستی سەلمەی گرت و لە مال هاتنە دەر. پوورامین پییاندا نووسا، تیرتیر لستنیەوە و بە کوشیک دوعای خیرەوە، بەریی کردن.
ئەحمەد تا داوینی دێ بەریی کردن. لە پیشدا دەستی مام کەریمی ماچ کرد و گەرایەوە سەر حەمە و سارا و سلمە؛ سووک بە سەر سەلمەدا چەمایەوە و ناوچاوانی ماچ کرد. ئینجا دەستی دەستوی حەمە چکول کرد بە کولی ساراوە؛ تیر تیر هەلی مژی. کە هەناسەی گەرمی ئاوقەی لاجانگی و لاملی بە زولفی رەشماری داپوشراوی سارادا کرد؛ بوو بە بورکانیک و کەوتە ناو دلی ساراوە؛ وەخت بوو ئاور بگریت و ببوریتەوە.
مام کەریمی مال بە کول، دادەجمێ و مندالەکانی وەک بارەکەو وەدووی دەکەون. سارا پیرکە دەیگری و پەیتا پەیتا هەلویستەیەکی بو دەکات و ئاور دەداتە دواوە. ئەحمەدیش رەق راوەستاوە چاوەروانی لە چاو وونبوونیانە. سارا وەک ئاسکێ کارژولە لە شوین جیماو، هەرهەنگاویک و هەلویستەیەک وئاوردانەوەیەک. لە پر حەمە چکول بە قەلاندوشانیەوە دەست بە گریان دەکات. سەلمەیش هەر ئەوتو. سارایش هەلە و بوی هەلکەوتووە تا بە سوزی دەروونیەوە ﴿دار کونجی﴾ ئەستیرگی دلی هەلکیشێ، هەموو سیلاوی پەنگ خواردووی ئاوات و ئەوینی بو ئەحمەدی خوشەویستی بە تەواوی هەلریژی. مام کەریم بە کولەکەیەوە خوی بە سەر گوچانەکەیدا دەچەمینیتەوە؛ خوی بو ناگیریئەویش هونەهوندەست بە گریان دەکات.
دیمەنیکی دلتەزین بو ئەحمەد خولقاوە، بەلام جورئەت و جەربەزەی ئەحمەد زور لەوە قورس و قایمترە تەسلیمی ئەشک و ئەسرین بیت. بە پەلە و بە گوڕتاو لە پیشدا خوی دەگەیەنیتە مام کەریم؛ پر دەداتە ردینە سپی و فرمیسکاویەکەی و پر بە دل رایدەموسی ودەلێ:
ـ مەگری مامەگیانێ مەگری. حەمە و سارا و سەلمە، مەگرین بە قوربانتان بم. بەلینیکە و پیم داون، پایزی سالی داهاتوو بە بالی هەوریشدا بیت، دیم و خومتان پی دەگەیەنم. دیسانەوە دەست دە ستوی حەمە چکول دەکات و رایدەموسی و مالاواییان لی دەکات و بە پەلە بەرە و پەچەی رانەکەی دەگەریتەوە.
ئیستا ئاخرین مالاوایی و بەلینی ئەحمەد بوتە تین و توان لەدلیسارادا، بە باشی بنجی داکوتاوە و بووەتە قەلایەکی قایمیش بو دواروژی پیری و پەککەوتووی مام کەریم.
ئیستا سارا بەدلیکیمالامالْ لە هیوا و ئومید بە ئەحمەد، دەستیک بە زولف وکاکولیخوی براکەیدا دینی و فرمیسکەکان دەسڕی و دیسانەوە براکەی لە قەلاندوشکانی دەکات و دەستی سەلمەی خوشکی دەگری؛ بە هیوایەکی قورس و قایم بەرەو هەواریکی نەدیو و نەناسراو، بەرەو دیاریکی نامو و نادیار، دەڕون .



دیمەنیک لەگونی سونەتە لەسالی ۱۳۲۵ خورشیدی




MARIO
Thursday
San byar rashid
12/10/2017
سان بیار رەشید

